ئەکادیمیای کوردی

KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کوردی    ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کـوردی ٢٠٢٤ی زاینـی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا

م. ڕۆکان گوریل شعیا

زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
rokan.gawril@koyauniversity.org

پ.ی. د. کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر

زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی
kaify.ahmad@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە ژێر ناونیشانی" پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا، هەوڵی داوە گرنگیی حیکایەتی فۆلکلۆریی کوردی بخاتە ڕوو, لە ڕێگەی ئەو کارەکتەرە گرنگانەی، کە حیکایەتخوان توانیویەتی بە شێوازێکی لێهاتوویی و شارەزاییەکی تەواوەوە، ئەو ئەرکەی لەسەریەتی ئەنجامیان بدات، هەروەها بتوانێت بە جۆرێک هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، سەرکەوتووانە لەگەڵیان گەشە بکات و پەرە بسەنێت، بە جۆرێک ئەوەی حیکایەتخوان دەیەوێت کۆتاییەکەی بە جۆرێک بێت، سەرنجڕاکێش و دڵخۆشکەر بێت، چونکە لە نێو ڕووداوەکاندا زۆربەی کات ململانێیەکان لە نێوان دوو بەرەدا دەبێت، یاخود دوو هێزدا، ئەوانیش هێزی چاکە و هێزی خراپە، هێزی خراپە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، کێشە و گرفت بۆ کارەکتەری سەرەکیی نێو حیکایەتەکە بخوڵقێنێت، بەڵام حیکایەتخوان بە جۆرێک ڕووداوەکان پەرە پێ دەدات، لە ڕێگەی کارەکتەری دیکەوە، کە هەندێکجار ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینن و دەبنە یارمەتیدەرێکی باش بۆ کارەکتەری سەرەکی، ئەویش بە پێدانی بیرۆکەی جیاواز، کە ئەمەش کۆتاییەکەی دەگاتە ئەوەی کارەکتەر لەو ئەرکانەیدا سەرکەوتوو بێت، کە لە ڕووداوەکاندا تووشی دەبێت، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، زۆرێک لە حیکایەتی فۆلکلۆری هەیە، گێڕانەوەکەی لە ڕێگەی گیاندارانەوەیە، یاخود مرۆڤەوەیە، ئامانجێکی هەیە، ئەویش پەروەردەکردن و ئامۆژگاریکردن و پەندوەرگرتنە لە کایەکانی ژیاندا، دەتوانین بڵێین، حیکایەت ڕۆڵی ئەرێنی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا دەبینێت.

وشە سەرەکییەکان: پاڵەوان، حیکایەت، کاریگەری، حیکایەتخوان، پاشا.

**پێشەکی**

حیکایەتـی فۆلکلـۆری یەکێکـە لـەو ژانـرە ئەدەبییـە کۆنانـەی، کـە لـە مێـژووی گەلانـەوە نـاسراوە، بـەو پێیـەی بەشـێکە لـە ڕابـردوو و شارسـتانییەت و میراتەکەیـان و پارێـزەری دابونەریتـی خۆیانـە، لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا بەشـێوەیەکی زارەکـی پێـش ئـەوەی بنووسرێـت و دابەزێنرێـت، وەک بەشـێک لـە پاراسـتنی فۆلکلـۆر بەڵگـەدار کـراوە. لـە لێکۆڵینەوەکەمانـدا، مامەڵـە لەگـەڵ پاڵەوانـی حیکایەتێکـی فۆلکلۆریـی کـوردی دەکەیـن، کـە پاڵەوانـی سـەرەکییە، ئێمـەی کـورد هـەر لـە بەرگـی ئـەم مرۆڤـەی نـاو حیکایەتەکـە گیانـی ڕاسـتەقینەی خـۆی پیشـان دەدات، پاڵەوانەکـە لـە ژیانیـدا ئامانجێکـی هەیـە، لەپێنـاوی ئـەم ئامانجـەدا بەردەوامـی و کۆڵنـەدان و هەمیشـە ڕێـگای سـەخت ئەگرێتـە بـەر، بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکان ئەوەیـە، حیکایەتـی فۆلکلـۆری سـامانێکی گرنـگ و شارسـتانیەتی کۆنـی هەڵقـوڵاوی ناخـی نەتەوەکەمانـە، ئاوڕدانـەوە لـەم کەرەسـتە گرنگـەی ئەدەبـی کۆنمـان، مایـەی زیندووکردنـەوە و دووبـارە ئاشـناکردنەوەیەتی بـە نەوەکانـی داهاتوومـان، هەروەهـا کەمیـی لێکۆڵینـەوە لـەم بـوارەدا، هۆکارێکـی دیکەیـە بـۆ هەڵبژاردنـی ئـەم بابەتـە، حـەز و ئـارەزووش یەکێکـە لـە هـۆکارە بنەڕەتییـەکان، چونکـە هـەر بابەتێـک بـە حـەزەوە نەکرێـت، سـەرکەوتوو نابێـت **ئامانجـی توێژینەوەکـە**

ئامانجـی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە دیاریکـردن و دەستنیشـانکردنی کارەکتـەری سـەرەکی و ئـەوەی دەبێتـە یاریـدەدەری کارەکتـەری سـەرەکی وەکـو کەسـێتی لاوەکـی و ئەوانـەی حیکایەتخـوان بـۆ بەرژەوەندیـی کارەکتـەری سـەرەکی دەیانهێنێتـە نـاو ڕووداوەکان ئەمـەش بـۆ سـەرکەوتن و بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـەی کـە هەیەتـی، هەروەهـا دیاریکردنـی ئـەو تایبەتمەندییانـەی، کـە حیکایەتـی فۆلکلـۆری پـێ دەناسرێتـەوە بیخەینـە ڕوو، کـە ئەمـە دەبێتـە بنیاتـی حیکایەتەکـە و جیاکردنـەوەی حیکایـەت لـە جۆرەکانـی دیکـەی گێڕانـەوەکان.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئـەو میتـۆدەی لـەم توێژینەوەیـەدا سـوودمان لـێ بینیـوە، میتـۆدی وەسـفیی شـیکارییە، بەپێـی جـۆری کارەکتەرەکـە حیکایەتەکەمـان دیاریکـردووە و شـیکردنەوەمان بـۆ کـردووە.

لێکۆڵینەوەکەمـان لـە پێشـەکییەک و دوو بـەش پێـک دێـت، لـە بەشـی یەکەمـدا باسـمان لـە چەمـک و زاراوەی حیکایـەت و حیکایەتـی فۆلکلۆریـی کـوردی لەگـەڵ ئـەرک و تایبەتمەندییەکانـی کـردووە. لـە بەشـی دووەمیشـدا، کـە لایەنـی کـرداری و پراکتیکییـە، باسـمان لـە چەمـک و زاراوەی پاڵـەوان کـردووە، دواتـر باسـمان لـە جۆرەکانـی پاڵـەوان لەنێـو حیکایەتیـی فۆلکلۆریـی کوردیـدا کـردووە، کـە چەندیـن جـۆری پاڵـەوان هەیـە و بـە نموونـەی حیکایەتـی فۆلکلۆریـی کـوردی دەیانخەینـە ڕوو.

**بەشی یەکەم**

**تـەوەری یەکـەم: چەمـک و زاراوەی حیکایـەت** بـۆ ناسـاندنی چەمکـی حیکایـەت، لـە ڕووی زمانەوانـی وا پێویسـت دەکات، کـە لـە فەرهەنگـی کـوردی و هەندێـک لـە فەرهەنگـە جۆراوجۆرەکانـی دیکـەوە دەسـت پـێ بکەیـن، لـەم بارەیـەوە ئەگـەر سـەیری چەمکـی حیکایـەت بکەیـن، ئـەوا لـە فەرهەنگـە عەرەبییـەکان زیاتـر جەختیـان لەسـەر گێڕانـەوە و دوان کـردووە. هـەروەک چـۆن لـە فەرهەنگـی «لسـان العـرب» حیکایـەت بـە «گێڕانـەوە، ئاخاوتـن، دوان: بـۆ فڵانـم گێڕایـەوە، وەکـو ئـەوم کـرد چـۆن ئـەو کـردی، ئـەوەم گـوت وەکـو گوتنـی ئـەو، ئەوەشـم بـۆی گێڕایـەوە، کـە ڕووداوی حیکایەتـە هاتـووە» (ابـن المنظـور، ٢٠٠٩، ٢٣٦).

سـەبارەت بـەو وشـانەی بەرامبـەر حیکایـەت بـەکار هاتـوون لـەم بارەیـەوە محمـد فریـق حسـن لـە کتێبـی «مەملەکەتـی ماسـی» بەمجـۆرە بـاس لـە زاراوەی حیکایـەت دەکات و دەڵێـت: «ئێمـەی کـورد، لـە کۆنـەوە گوێمان بـە حیکایـەت ڕاهاتـووە. زۆر ناویشـمان لـێ نـاوە. وەک: سەرگوزەشـتە، هەقایـەت، مەتەڵـۆک، ڕاز، سـەربوردە، چیـرۆک» (حسـن، ١٩٩٧، ٧).

هەرچـی وشـەی حیکایەتـە لـە نێـو کوردیـدا بـە چەندیـن جـۆر ئامـاژەی پـێ کـراوە، لـە بەرامبـەر حیکایـەت چەندیـن وشـەی تـر بـەکار هاتـوون، لـەم بارەیـەوە لـە فەرهەنگـی هەمبانـە بۆرینـەی «هـەژار» لـە بەرامبـەر هەقایـەت

هەریەکە لە: «چیرۆک و حیکایەتی بەکار هێناوە» (هەژار، ١٣٨٨، ٩٨٢). هەرچەندە هەژار چیرۆک و حیکایەتی بە یەک داناوە و تێکەڵی کردوون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە سەربەخۆن و لە یەکتری جیاوازن.

لە لایەکی دیکەوە د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ لەم بارەیەوە دەڵێت: «چیرۆک سەرگوزەشت،» چیرۆک لە ناو کورددا حیکایەت یا نەقلی پێ دەڵێن» (ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ٢٤).

نووسەری ناوداری عەرەب نەبیلە ئیبراهیم لە بارەی پێناسەی حیکایەتەوە دەڵێت: «دەکرێت پێناسەی بکەین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگە بیانییەکان، لە فەرهەنگی ئەڵمانی وا پێناسە کراوە، بەوەی بریتییە لە هەواڵی پەیوەست بە ڕووداوێکی کۆن، کە لە ڕێگەی گێڕانەوەی زارەکییەوە لە نەوە بۆ نەوە دەگوێزرێتەوە، یان بریتییە لە دروستکراوێکی ئازاد لەنێو ئەندێشەی جەماوەرییەوە، کە لە دەوری ڕووداوێکی گرنگ و کەسایەتی و شوێنە مێژووییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت (ابراهیم، ١٩٩١، ١٩). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا حیکایەتەکان هەرچەندە لە ئەندێشە و شتی خورافی پێک دێن، هەروەکو ئەو لێکۆڵەرە ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام زۆرجاریش دەبینین ئەم حیکایەتانە ڕەگی واقیعییان هەیە و پشتیان بە ڕووداوێکی مێژوویی بەستووە.

هەر سەبارەت بە ناساندنی پێناسەی حیکایەت ئیدریس عەبدوڵڵا پێی وایە کەوا هەقایەت فۆرمێکی گێڕانەوەییە، ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕاستەقینەن، یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لە بیری هەقایەتخوانەکە بەسوود وەرگرتن لە ئەندێشەوە بە پرۆسەیەکی پێچەوانەییەوە بەرهەمی هێناوە، ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەکو سۆز و ئەندێشە و بیر دەوری جوان دەبینن لە داڕشتنەوەی، مەبەستی چێژبەخشین و واتاگەیاندنە بە خەڵکی (عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ٢٧). دیسان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان بە سوود وەرگرتن لە ئەندێشەدانی حیکایەتخوان، وا دەکات بە جۆرێک و لە فۆرمێکی گێڕانەوەئامێزدا حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە، بەجۆرێک کەوا ئەو سۆز و بیرەی هەیەتی بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، واتا و مەبەستە حیکایەتەکە چێژبەخش و کاریگەری هەبێت بەسەر خوێنەراندا.

کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەم هەقایەتە فۆلکلۆرییانە بێ مەبەست و ئامانج نین، وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی کەلەپوور لەپێناو ئامانجی تایبەتی و گشتی هاتوونەتە کایەوە، دەتوانین بڵێین، هەموو هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان دوو ئامانجیان هەیە، یەکێکیان بۆ کات بەسەربردنە، ئەوی دیکەشیان بۆ پەند وەرگرتن و ئاڕاستەکردنی ڕەوشت و ئاکار و ئامۆژگارییە، یان بۆ مەبەستی وەرگرتن و پێدانی زانیارییە (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٧١). دەتوانین بڵێین، ئەو جۆرە فۆرمە شتێکی بێکەڵک نییە و ئامانج و مەبەستی خۆی لە گەیاندنی ئەو واتایەی کە حیکایەتەکە لە خۆی دەگرێت هەبووە، هەروەها باسی ئەو ڕووداوانە دەکات، کە ئامانجی گشتی و تایبەتییان هەیە، بۆ کۆمەڵگا باسیان لێوە دەکات و دەیانخاتە ڕوو، هەروەها زۆر لە مەبەست و ناوەرۆکی حیکایەتەکان باس لە لایەنی پەروەردەیی و ڕەوشت و ئاکار و ئامۆژگاری دەکات، ئەمەشیان ئامانجی تایبەتی خۆی لە وەرگرتن و پێدانی زانیاریدا هەیە.

لە کۆی ئەو پێناسانەی بۆ حیکایەتمان خستە ڕوو، بە بۆچوونی ئێمەش دەتوانین بڵێین: حیکایەتی فۆلکلۆری کارێکی ئەدەبییە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەشێوەی زارەکی دەگوێزرێتەوە، بەم شێوەیە ئەنجامی ئەم گواستنەوەیە دەگۆڕێت و وا دەکات حیکایەتەکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بگۆڕێت، ئەمەش حالەتێک و ئەنجامێکی سروشتی و ئاسایی ئەم گواستنەوە زارەکییە هەمیشەییە، کە بەسەر حیکایەتدا دێت.

**تەوەری دووەم: پاڵەوان لە ڕووی چەمک و زاراوە**

پاڵەوان یاخود کارەکتەر، تایبەتمەندییەکی گەورەیە، کە لە لایەن حیکایەتخوانەوە بە کەسی یەکەمی نێو حیکایەتەکە دەبەخشێت، یەک لە توخمە سەرەکییەکانی حیکایەتی فۆلکلۆرییە، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە بنیاتی دەقی حیکایەتدا دەگێڕێت، بۆیە باسکردنی هەر توخمێک لە توخمە سەرەکییەکانی دیکەی حیکایەت بە پاڵەوان و کارەکتەرەوە پەیوەستە و ناکرێت ئەم توخمە سەرەکییەی تێیدا فەرامۆش بکرێت، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی بە

هەمــوو توخمەکانــی دیکــەی نێــو حیکایەتــەوە هەیــە، وەک ڕووداو و کات و شــوێن، هەروەهــا حیکایەتخــوان کۆمەڵێــک تەکنیکــی وەک دیالــۆگ و مۆنۆلــۆگ و فلاشــباک و مۆنتــاج و وەســف بــەکار دەهێنێــت, بــۆ ئــەوەی لــە ڕێــی ئەمانــەوە بەرگێکــی هونەریــی بــە گێڕانەوەکــەی بــدات.

لــە فەرهەنگــی لســان العربــدا بــاس لــەوە کــراوە, کــە پاڵــەوان: بریتییــە لــە ئازایەتــی، دەوترێــت, کــە پێــی دەگوتــرا پاڵــەوان، چونکــە بــە شمشــێرەکەی گــەورەکان پووچــەڵ دەکاتــەوە، بــە شمشــێرەکەی لەگەڵیانــدا سەرســام دەکات و پێــی دەگوتــرا پاڵــەوان، چونکــە بەهێــزەکان لەلایــەن ئــەوەوە پووچــەڵ دەکرێنــەوە و دەوترێــت: ئــەو کەســەیە کــە خوێنــی هاوتەمەنەکانــی لەگەڵیــدا پووچــەڵ دەکرێتــەوە، بۆیــە درکــی پــێ نــاکات تۆڵــەی لــە خەڵکــی قارەمانــان هەیــە (ابــن المنظــور، ٢٠٠٩، ٢٣٦).

هــەر لەمبارەیــەوە د. شــوقی ضیــف لەبــارەی واتــای پاڵــەوان دەڵێــت: لــە ڕابــردوودا پاڵــەوان لــە خێــڵ و لەســەردەمی ژیانــی ســەرەتایی گەلانــدا بــە مرۆڤێکــی پیــرۆز دادەنــرا، بــەڵام هەندێــک جــار وەک نــەوەی خواوەنــدەکان بیریــان لــێ دەکــردەوە، وەک ئــەوەی دیارییــەک بێــت، کــە پێیــان بەخــشراوە بــۆ ئــەوەی نەبنــە نێچیــری ئەوانــی تر(ضیــف، ١٩٧٠، ٩). لــەم پێناســەیەدا دەبینیــن نووســەر بــاس لــە کەسایەتیی پاڵــەوان دەکات، کــە لــە ڕابــردوودا چۆنــب ووە و چــۆن توانیویەتــی هەڵســوکەوت بــکات، بەجۆرێــک لــە نێــو کۆمەڵــگا بــە چاوێکــی پیــرۆز ســەیریان کــردووە، چونکــە کەســە پیــرۆز و ئــازاکان لــە کاتــە ســەخت و دژوارەکانــدا هانایــان بــۆ ئــەم پاڵەوانانــە بــردووە و داوای بــە هاناوەچوونیــان بەرامبــەر هــەر ڕووداوێــک لــێ کــردوون، کــە هاتۆتــە پێشیان، ئەوانیــش بــە کەســایەتییەکی بەهێــز قبوڵیــان کــردووە و توانیویانــە خەڵکەکــە لەمجــۆرە ڕووداوانــە بپارێــزن. بۆیــە لەمبارەیــەوە دەتوانیــن بڵێیــن: پاڵــەوان ئــەو کەســەیە، کــە خــۆی دەخاتــە بــەردەم مەترســی و توانــای ئــەوەی هەیــە بەســەر هەمــوو ئــەو بەربەســتانەی، کــە دێنــە بەردەمــی زاڵ بێــت.

هەروەهــا لەپــاڵ پاڵەوانــی نێــو حیکایەتــە فۆلکلۆرییــەکان، دەبینیــن هەندێکیــان پاڵەوانــی ڕاســتەقینەی نێــو ژیانــی کۆمەڵــگا نیــن، بــەڵام لەپــاڵ ئــەم جۆرانەشــدا پاڵەوانمــان هەیــە ڕاســتەقینەیە و ڕۆڵــی ســەرەکی دەبینێــت لــە ئەنجامدانــی ڕووداوەکانــد، ئــەم پاڵەوانــە بــەوە نــاسراوە، کــەوا کارەکتەرێکــە بــە ئازایەتــی و کارە بەرزەکانــی نــاسراوە و وەکــو نموونەیەکــی بــەرز ســەیر دەکرێــت، بــەو پێیــەی نزیکــە لــەو پاڵەوانــە مێژووییــە، کــە ڕۆڵێکــی ســەرەکی و کاریگەرانــەی لــە مێــژووی نەتەوەکەیــدا هەبــووە (العفیفــی، ٢٠٠١، ٢-٣).

بــەلای ئێمەشــەوە: پاڵــەوان چەندیــن مانــای گشــتی هەیــە، هەندێکجــار ئاماژەیــە بــۆ توانــای مامەڵەکردنــی بــاش لەگــەڵ خەڵــک لــە ڕووی کۆمەڵایەتییــەوە، بــۆ نموونــە ئێمــە هەندێکجــار باسـی ئەزمــوون، یــان پەیوەندییــەکان دەکەیــن، کــە دەوترێــت کەســایەتییەکی زیاتــر بــە کەسێک دەبەخشــێت، و لەوانەیــە ئامــاژە بــە ڕوونتریــن بیرۆکــە بکەیــن، کــە کەسێک لــە کەســانی دیکــەدا دروســتی دەکات، بــۆ نموونــە ئێمــە دەڵێیــن کەســایەتییەکی خۆشەویســتە، بــە واتــای ئــەو کەســێکی خۆشەویســتە.

**تەوەری سێیەم: تایبەتمەندییەکانی حیکایەتی کوردی**

زمانــی کــوردی، بەڕەگوڕیشــەوە دەچێتــەوە ســەر زمانــە زاگرۆسییەکان، هــەروەک لــە ســەرچاوەکان ئاماژەی بۆکــراوە، شــوێنەوارناس و فۆلکلۆرناســان ئــەم میللەتانــە بەســەرچاوەی حیکایــەت دەزانــن بــە هەمــوو جۆرەکانییــەوە، وەکــو: میللــی، پاڵەوانێتــی، ئەفســانە، حیکایەتــی گیانــداران، داســتان، گاڵتەوگــەپ.

هــەروەک دەبینیــن حیکایــەت، لەنێــو جیهانــی جوتیــار و پاڵــەدا چەکــەرە دەکات و بــڵاو دەبێتــەوە، نەتــەوەی کوردیــش یەکێــک لــەم میللەتانەیــە، کــە زۆر دێهــات و کۆمەڵگــەی کشــتوکاڵی پێکــەوە نــاوە، بگــرە لــەم ڕووەوە دەتوانیــن بڵێیــن، پێــش گەلانــی دەوروبــەر کەوتــووە. بەپێــی بۆچوونــی شوێنەوارناســان باســیان لــە گونــدی چەرمــۆی ســەربە چەمچەمــاڵ دەکــەن، بــەوەی، کــە کۆنتریــن دێــی ناوچەکەیــە.

منداڵــی کــورد، بەتایبــەت منداڵــی نەوەکانــی ڕابــردوو، ئاشــنایەتییان لەگــەڵ حیکایەتــدا بەهێــز بــووە بــە بــەراورد بــە منداڵــی ئێســتادا، ئەمــەش بــە هــۆی ئــەو پێشــکەوتنە تەکنەلۆژیایــەی، کــە ســەرتاپای مرۆڤایەتیــی گرتۆتــەوە، کــە بۆتــە هــۆی ئــەوەی مــرۆڤ منــداڵ بێــت یــان گــەورە، بیــر لــە مێــژووی ڕابــردووی خــۆی نەکاتــەوە، لــە ســاڵانی ڕابــردوو

دایــک وبــاوک حیکایەتیــان لەبــەر بــووە، کۆرپەکانیــان پــێ خســتۆتە خــەو. کەشــوهەوای حیکایــەت وەک هێزێکــی ئەفســووناوی زەینــی منداڵــی بــۆ لای خــۆی کێــش کــردووە، هەروەهــا سەرســامبوونی منــداڵ بــە حیکایەتــەوە، بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، لــە ژیانــی خۆیــەوە نزیکــە، لەمبارەیــەوە نووســەران سـمیر المرزوقـی و جمیـل شـاکر لـە کتێبـی «مدخـل الـی نظریـە القصـە» نووسـیویانە یـەک لەبـاری کۆمەڵـگای ئێسـتا، حیکایەتـی میللـی جیهانێکـی شـێوە سـەرەتایی هەیـە. ئـەم هەڵکەوتەیـش وای کـردووە منـداڵان سەراسـیمە بـکات، بــەج ۆرێــک هــۆش و زەینیــان بــۆ لای خــۆی کێــش بــکات. داخــۆ پەیوەندییەکــی گەوهەریــی لــە نێــوان ناوەرۆکــی حیکایەتــە سەرســوڕهێنەرەکان و مەســەلەی لەدایکبــوون، یــان ســەرەتای ژیانــدا هەبــێ (المرزوقــی و شــاکر، ١٩٨٦، ٥٤).

یەکێکــی دی لــە تایبەتمەندییەکانــی حیکایــەت بەجۆرێــک بـوو، وەک لـە پیـاوە بەتەمەنـەکان بیسـتوومانە و گێڕاویانەتـەوە بەجۆرێــک باســیان کــردووە، شــەوانە لــە شــوێنێک کــۆ بوونەتـەوە و دانیشـتوون، حیکایەتخـوان لەسـەر تەختەیێکـی بــەرز وەک ســەکۆیەک دادەنیشــت، وەهــا کــە لــە هەمــوو لایــەک چاویــان لــێ بێــت و ببینرێــت، لەکاتــی ئامادەکــردن و گێڕانـەوەی حیکایەتەکـە گوێگـر ئامـادە دەبـوون، حیکایەتخـوان بــە جۆرێــک لــە شــوێنێکی هەســتیاری وەهــادا کۆتایــی بــە گێڕانــەوەی حیکایەتەکــە دەهێنــا، گوێگــری هەناسەســوار دەکــرد، بەجۆرێکــی وا، کــە ڕووداوەکان بــەرە و تەنگــژە و یەکلاییکردنـەوە دەبـرد، تاکـو گوێگـر بـۆ شـەوی داهاتـوو بـۆ بیسـتنی حیکایەتێکـی دیکـە بـە تاسـەوە ئامادەبێـت.

هێمــن موکریانــی لــە پێشــەکیی توحفــەی موزەفەریــەدا دەڵێــت: هەمــوو ئاغایــەک حــەزی کــردووە حیکایەتخوانــی خــۆی هەبێــت، تاکــو لــە وەختــی نووســتندا حیکایەتــی بــۆ بگێڕێتــەوە. هەروەهــا دەڵــێ: لــە شــارەکانیش شــەوانە خەڵــک لــە قاوەخانــە کــۆ دەبوونــەوە و تــا شــەو درەنــگ دەبــوو بەیتبێــژ و حیکایەتخــوان دەیخافڵانــدن. قاوەچــی ئــەو هونەرمەندانــەی بەکــرێ دەگــرت، بــۆ ئــەوەی قاوەخانەکــەی ڕمێــن پەیــدا بکات(موکریانــی، ١٩٧٥، ١٠). بەمجــۆرە دەبینیــن حیکایەتخوانــەکان زیاتــر کەســانی بەســاڵاچوو بــوون، کــە ژمارەیەکــی زۆر حیکایەتیــان لەبەربــووە، ئەمــەش ئــەوە دەردەخــەن، ئەوانــە خــاوەن زەینێکــی ڕوون و بیرێکــی تیــژ بوونــە، لــەم ڕووەوە د. احمــد مرســی دەڵێــت: «وا بــاوە حیکایەتخوانــە هــەرە چاکــەکان لــە نێــوان بــە تەمەنەکانــدا هەڵدەکــەون» (مرســی، ١٩٧٥، ١٣٥).

لــە نێــو حیکایەتــی فۆلکلۆریــدا ئــەوە زۆر بــە ڕوونــی بەرچـاو دەکەوێـت، بـەوەی حیکایەتخـوان لەکاتـی گێڕانـەوەی حیکایەتەکــە زۆر بــە ســادە و ســانایی دەیگێڕێتــەوە، وەک ئــەوەی تــازە لــە پێــش چاویــدا ڕووی دابێــت، ئــەم سادەییە خــۆی لــە خۆیــدا یەکێکــە لــە تایبەتمەندییەکانــی حیکایــەت، ئــەم ســادەییە هیــچ لــە مانــا و گەوهــەری حیکایــەت کــەم ناکاتــەوە، هەروەهــا ســەرنجێکی دیکــە لــە نێــو حیکایەتەکــە بەرچــاو دەکەوێــت، ئەویــش هەڵوێســتی حیکایەتخوانــە، بــۆ ئــەوەی کۆتاییەکــەی ســەرنجڕاکێش و چێژبەخــش بێــت، دێــت هەڵوێســتی خــۆی دەخاتــە پــاڵ کەســێتیی پاڵەوانــی نێــو حیکایەتەکــە، واتــە بێلایــەن نابێــت و خــۆی بــە لایەکــدا دەدات، لەمبارەیــەوە د. احمــد مرســی دەڵێــت: ناکــرێ حیکایەتخــوان و بەیتبێــژ ســەبارەت بــەوەی دەیگێڕنــەوە، یــان دەیچــڕن بێلایــەن بــن. ئــەوان هەمیشــە دەچنــە پــاڵ هەڵوێسـتی پاڵەوانـی هـەژاری نـاو حیکایەتەکـە، کـە لەگـەڵ کەسـێتییە بـە دەسـەڵات و شـەڕانییەکەدا ململانێیەتـی (مرسـی، ١٩٧٥، ١٤٤).

یەکێکــی دیکــە لــە تایبەتمەندییەکانــی حیکایــەت شــلگیرییە (المرونــة)، لەمبارەیــەوە الساریســی دەڵێــت: «حیکایەتــی فۆلکلــۆری بــە شــلگیریی بونیاتەکــەی دەناسرێتــەوە، کــە دووچــاری لــێ ســڕینەوە و بــۆ زیادکــردن و گــۆڕیــن و دەســتوەردانی نــاو ڕەگەزەکانــی دەبێــت، واتــە حیکایەتەکــە قابیــل بــە پەرەســەندنە، چونکــە بابــای چیرۆکــەوان بەشــێوەیەك دایدەڕێژێتــەوە لەگــەڵ خواســتەکانی ئــەو ســەردەمەدا بگونجێــت، کــە تێیــدا دەژی (الساریســی، ٢٠٠٥، ١٦). لــەم پێناســەیەدا ئەوەمــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە، بــەوەی لەگــەڵ ســەرهەڵدانی هــەر حیکایەتێــک و دووبــارە گێڕانــەوەی لــە لایــەن حیکایەتخوانــی دیکــەوە بەجۆرێــک دەبێــت، کــەوا لەگــەڵ خواســتەکانی خۆیــی و ناوچەکــەی دەیگونجێنێــت، واتــە لێــرەدا حیکایەتەکــە کــەم و زیــاد دەکات، واتــە لــە پەرەســەندندا دەبێــت بەپێــی

تێپەڕبوونـی ڕۆژگار و ئـەو ڕووداوانـەی کـە تێیـدا ڕوو دەدەن.

یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە گرنگەکانـی دیکـەی حیکایـەت و ئـەوەی زیاتـر پێـی نـاسراوە شـێوازی داڕشـتنەکەیەتی، بـە جۆرێـک حیکایەتخـوان دەسـت بـە گێڕانـەوەی حیکایەتەکـە دەکات، دەسـتپێکێکی سـەرنجڕاکێش لـە پێشـەوە بـاس دەکات، گوێگـر وا لـێ دەکات بـە تاسـەوە گـوێ لـە گێڕانەوەکـەی بگرێـت، وەک دەزانیـن هەمـوو حیکایەتێـک لـە دەسـتپێک و نـاوەڕۆک و کۆتایـی پێـک هاتـووە. چەندیـن شـێوازی دەسـتپێکی هەیـە، کـە هـەر یەکەیـان دەبـن بـە سـەرەتایەک بـۆ گێڕانـەوەی حیکایەتەکـە، بۆیـە چەنـد جۆرێـک لـە حیکایەتخـوان دەبینیـن، جـۆرە داڕشـتنێک بـەکار دەهێنێـت لـە دەسـتپێکی گێڕانـەوەی حیکاتەکەیـدا، لەوانـە زۆربـەی کات حیکایـەت بـە "هەبـوو نەبـوو جارێـک پاشـایەک هەبـوو، دەگێڕنـەوە دەڵێـن دەسـت پـێ دەکات، یاخـود هەندێـک لـە حیکایەتخـوان بەمجـۆرە دەسـت پـێ دەکـەن " هەبـوو نەبـوو.. کـەس لـە خـوا گەورەتـر نەبـوو. کـەس لـە بەنـدەی ڕوو ڕەشـتر نەبـوو، کۆسـە مـرد کفنـی نەبـوو. هەڵیانگـرت جێگـەی نەبـوو. دایـان نـا ڕێگـەی نەبـوو، خسـتیانە تـاق، چـاوی چـوو بـە زاق، خسـتیانە بنمیـچ، دوانـی چـوو بەریـچ. خستیانە کەڵـەک، کەڵـەک ڕووخـا... بەمجـۆرە دەبینیـن دەسـت پـێ دەکات.

هەندێك جاریـش دوای ئـەم پێشـەکییە کورتـە، دەسـتیان بـە گێڕانـەوە کـردووە: هەبـوو نەبـوو... کـەس لـە خـوا گەورەتـر نەبـوو، کـەس لـە بەنـدەی خـراپ ڕوو ڕەشـتر نەبـوو. پاشـا مـرد کفنـی نەبـوو، هەڵیانگـرت جێگـە نەبـوو.. دایـان نـا ڕێگـە نەبـوو... قەبریـان بـۆ هەڵکەنـد پـاچ و بێـڵ نەبـوو.. وادی بـە وادی تەختـی مـرادی.. چەقەڵێـک هاتـووە لـە چەمـەوە، سـەلکی گاکوڵـی بـە دەمـەوە... سوێندی دەخـوارد، دەیگـوت: نایدەمـەوە (حسـن، ١٩٩٧، ١١). هەمـوو ئـەو دەربڕینانـە حیکایەتخـوان بـۆ دەسـتپێکی گێڕانەوەکـەی دەیڵێـت، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە تاوەکـو سـەرنجی گوێگـر یاخـود خوێنـەر بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت و تاموچێـژ ببەخشـێت.

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم: وێنەی پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆریدا**

پێـش ئـەوەی بـاس لـە وێنـەی کەسـێتییەکانی نێـو حیکایەتـی فۆلکلـۆری دەستنیشـان بکەیـن و بـاس لـە یەکـە یەکـەی جۆرەکانیـان بکەیـن و سـیفەت و خەسـڵەت و ڕۆڵ و کاریگەریـی هـەر یەکەیـان و جیاوازییـان لەگـەڵ یەکـتردا بـاس بکەیـن و لـە هەمـان کاتـدا پەیوەندیـی نێوانیـان بخەینـە ڕوو، بـە پێویسـتی دەزانیـن سـەرەتا پەیوەندیـی نێـوان حیکایەتخـوان و کارەکتـەر ڕوون بکەینـەوە، کـە ئەویـش پەیوەندیـی بـە بنیاتنـان و وێنەکێشـانی کارەکتـەر بـە حیکایەتخوانـەوە هەیـە و سـەرەنجام جۆرەکانـی کارەکتـەری لـێ دەکەوێتـەوە.

لێـرەدا توێـژەر بـاس لـەو تایبەتمەندییـە گرنگـەی کارەکتـەر دەکات، کـە وای کـردووە ببێتـە سـەرچاوەی جوانـی و تاسـە و سەرنجڕاکێشـی خوێنـەر، چونکـە یەکـێ لـە غەریزەکانـی مرۆڤـە، کـە حـەز دەکات بەدواداچـوون بـۆ کار و هەڵسوکەوتی کەسـانی دیکـە بـکات و زانیارییـان لـێ بـە دەسـت بێنێـت و بزانێـت لـە کۆتاییـدا چییـان بـە سـەر دێـت، ئەمـەش ئـەو کاتـە ڕوو دەدات بەتایبەتـی کاتـێ خوێنـەر وا هەسـت دەکات، خـۆی بـە بەشـێک لـە پێکهاتـەی ڕووداوەکانـدا دەبینێتـەوە و لایەنگـری کارەکتەرێـک یـان چەنـد کارەکتەرێـک دەکات و هەمـوو ئاواتـی ئەوەیـە، کـە سـەر بکەوێـت، ئـەم وێنـە و ڕووداوانـە لەنێـو حیکایەتـی فۆلکلۆریـدا بەرچـاو دەکـەون، یاخـود دەتوانیـن بڵێیـن زۆرجـار کارەکتـەر دەبێتـە سـیمبولێک بـۆ ڕێـڕەوی ژیانـی واقیعـی خوێنـەر تـا ڕادەیـەک کـە چـۆن لـە خـەون و ئەندێشـەکانماندا بـە دوای خۆمانـدا دەگەڕێین(ئامێـدی، ٢٠١٢، ١٩). لێـرەدا دەبینیـن خوێنـەر بـە شـێوەیەکی وابەسـتە و پەیوەسـت دەبێـت بـە کارەکتـەرەوە، دەبێتـە تێکەڵاوبوونـی هەسـت و سـۆز لەگەڵیـدا، ئەمـەش بـۆ لایەنـە مرۆییەکـەی دەگەڕێتـەوە، چونکـە کارەکتـەر هـەر جۆرێـک لـە جۆرەکانـی بێـت و بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکانی بخرێتـە ڕوو، ئـەوا لـە هەسـتە مرۆییەکـەی بێبـەش نابێـت، لـە هەمـان کاتیشـدا ئـەوە نابێـت لـە یـاد بکەیـن، کـە نووسـەری دەقیـش هـەر مرۆڤـە، بۆیـە هیـچ کارەکتەرێـک لـە خـۆڕا و لـە بۆشـاییدا دروسـت نابێـت، جـا کارەکتەرەکـە واقیعـی بێـت، یـان خەیاڵـی.

**یەکەم: جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە**

**١- کارەکتەری سەرەکی**

کارەکتەری سەرەکی ئەو کارەکتەرەیە، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە حیکایەتدا دەگێڕێت و جڵەوی ڕووداوە گرنگەکانی حیکایەتی لەدەستدایە و کاریگەریی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دیکەدا هەیە، بۆ ئەو مەبەستەیان ئاراستە دەکات، کە حیکایەتخوان دەیەوێت. لەم بارەیە دەتوانین بڵێین کارەکتەری سەرەکی، ڕۆڵی بنچینەیی لە بەرەوپێشچوونی ڕووداو و پرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا هەیە (عوسمان خاڵە دێوە، ٢٠١٠: ١٧٣). دەتوانین بڵێین کارەکتەری سەرەکی توخمێکی گرنگ و سەرەکییە لە نێو حیکایەتدا و کارەکتەرەکانی دیکە لە ڕووی هەڵسوکەوت و جووڵانەوە و هەموو ئەو کێشە و بەربەست و ئاسانکارییانەی دەیکەن دەبنە هۆی دروستکردنی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، لە کۆتاییدا لە خزمەتی دەرخستن و ئاشکراکردنی لایەنە نادیارەکانی ژیانی ئەودان.

لە حیکایەتی کچە گاوانی دوڵبەردا، هاتووە، لە ڕۆژگاری دێریندا پاشایەکی زۆر مەزن هەبووە، ئەوەندە دەسەڵاتدار و بەتوانا و بەهێز بووە، کە حەوت وڵاتیتر لەژێر دەسەڵاتیدا بوون، هەر هەموویان کەوتبوونە قەڵەمڕەوی حوکمڕانی ئەوەوە، ئەو پادشایە کوڕێکی جوان و بەژن و باڵایەکی ڕێکی دەبێت، هەموو ئاواتی پادشا و شاژن ئەوە دەبێت، کوڕەکەیان گەورەبێت و ببێتە هەژدە ساڵان، تاکو کچە پاشایەکی بۆ بخوازێت، بەڵام کوڕە هەر پێداگر دەبێت لەوەی جارێ نایەوێت، خۆی بە ڕا و سواری ئەسپ دەخافڵێنێت، تا ڕۆژێک خۆی ئامادە کات بچێت بۆ ڕاو، دوای ئێوارە لەکاتی گەڕانەوەی لە دەم ڕووبارێک کچێک دەبینێت، گۆزەی ئاوی لەسەر شانە و بەرەو ماڵەوە دەچێت، کوڕی پاشاش لە یەکەم بینین و نیگاوە دڵی دەچێتە سەر ئەم کچە و عاشقی دەبێت، بەڵام کێشەکەی ئەوەیە، چۆن بتوانێت بە پاشا و شاژن بڵێت، من کچە گاوانم دەوێت، چونکە جیاوازییەکەی زۆر لەنێوان هەردووکیاندا هەیە، کوڕە دەچێتەوە ژووری خۆی و بە دڵغەی کچەوە دەبێت، خۆی نەخۆش دەکات، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بێ خواردن و خواردنەوە دەمێنێتەوە تا وای لێ دێت لاواز و بێتاقەت دەبێت، دایکی دەچێتە لایی و پێی دەڵێت بۆ وات لێ هاتووە، چی بووە، کوڕەش بە دایکی دەڵێت، حەزم لە کچێک کردووە، دایکی زۆری پێ خۆش دەبێت و لە خۆشیا هەلهەلەی بۆ لێ دەدات، لێی دەپرسێت کچی کام پادشایە؟ کام وەزیرە؟ هی کام پیاوی دەوڵەمەند و بەناوبانگە، ئەویش پێی دەڵێت، کچە گاوانە، پاشا زۆر تووڕە دەبێت و لەسەری هاوار دەکات، چۆن دەبێت کوڕی پاشا کچە گاوان بهێنێت، کوڕەش زیاتر نەخۆش دەبێت و دەکەوێت تا وای لێ دێت خەریک دەبێت بمرێت، باوکیشی چارەی نامێنێت بە قسەی شاژن دەکات، کە ئەو کچەی بۆ بخوازن، پاشاش بە جارچی ڕاگەیاند، کە جاڕ بدات بە شار و وڵاتدا، هەر کەس چارەسەری دەرد و کێشەی شازادە بکات، بە ئاوات و بە دڵی خۆی پاداشتی زۆرباشی دەداتەوە... دوای ئەم جاڕدانە «**ڕۆژێکیان گاوانێکی زەبەلاح بەخۆی و کەڕەک و کوڵە گۆچانەکەیەوە، خۆی گەیاندە کۆشکی پادشا و داوای کرد کە ڕێ بدرێت تاکو چاوی بە شازادە بکەوێت.. کە چووە ژوور سەری سەیری کرد، تاقە یەک هەناسە گیانی تێدا ماوە بە دەنگێکی بەهێز وتی: - دا سەرهەڵبڕە، دەردت لەمن کەوێ!!.. ئەم سەرە خۆش بێت هەر ئەم ئێوارەیە کچە گاوانت بۆ دەخوازم! بەم بانگەوازو هیوابەخشە، تین و وزەیەکی زۆر کەوتنە گیانی شازادە و چاوی کردەوە.. وتی: شوانە گیان، لە دەورت گەڕێم، بە ڕاستتە! - پەیمانی پیاوان بێت!**» (هەورامی، عوسمان محەمەد، ٢٠٠٩: ١٢٣). دوای ئەوە پاشا و شاژن کابرای گاوان ڕادەسپێرن ئەو ئیشەیان بۆ بکات، لێرەدا گاوان دەبێتە پاڵەوانی سەرەکیی نێو حیکایەتەکە و لە لایەن حیکایەتخوانەوە گرنگی زۆری پێ دەدرێت، هەرچی کێشە و نهێنیی ڕووداوی نێو ئەم حیکایەتە هەیە، گاوان هەمووی چارەسەر دەکات و دەکەوێتە ئەستۆی ئەو، لێرەدا دەبینین گاوان زیرەکی و لێهاتوویی و بەهرەی خۆی دەخاتە گەڕ و دەڕوات تا دەگاتە ماڵی کچەکە و لەگەڵ باوکی قسە دەکات، دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ باوکی ڕازی دەکات ئەم کچەی خۆی بدات بە شازادە، ماڵی پاشاش بۆ ماوەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژان کردیانە ئاهەنگ و خۆشی و شادی و کچی گاوانی بوو بە بووکی پاشا.

**٢- کارەکتەری لاوەکی یارمەتیدەر**

کارەکتەری لاوەکی شان بەشانی کارەکتەری سەرەکییەکان، لە زۆربەی حیکایەتەکاندا دەبینین، هەندێ کارەکتەر ڕۆڵی لاوەکی دەگێڕن و دەبنە یارمەتیدەر بۆ کارەکتەری سەرەکی، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ هەندێ لەو کێشانەی، کە ڕووی کارەکتەری سەرەکی دەبنەوە، بۆیە حیکایەتخوان لە بنیاتی هونەری ئەمجۆرە کارەکتەرانە کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەجۆرێک هۆکارەکە زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە کەمتر بەشدارییان پێ دەکات لە ڕووداوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرە لاوەکییەکان «ڕۆڵێکی گرنگ لە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی کەسایەتی و هەڵوێست و ئەدگارەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەگێڕن (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩: ٥٦). لە حیکایەتی فۆلکلۆردا، کارەکتەرە لاوەکییەکان لە خزمەتی کارەکتەرە سەرەکییەکاندان و ڕۆڵیان لە دەرخستن و دیاریکردنی نهێنییەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا هەیە، لە حیکایەتی سێ برادا باس لەوە دەکرێت، پیرەمێردێک سێ کوڕی دەبێت، بە هەژاری پێی گەیاندبوون، ڕەنجێکی زۆری کێشابوو تا گەیشت بوونە ماڵوحاڵی خۆیان، ئەم سێ کوڕە لە ڕووی سەروەت و سامانەوە دەوڵەمەند بوون، ئەم دەوڵەمەندییە وای لێ کردبوون هەر سێ کوڕەکەی لەبەرامبەر باوکیان بێوەفا بوون و کەسیان سەردانی باوکیان نەدەکرد، چونکە چووبووە ساڵەوە، توانای بژێوی ژیانی خۆی نەبوو لە کوڕەکانی زۆر بە گلەیی بوو، تاوەکو ڕۆژێک تووشی هاوڕێیەکی دێرینی خۆی دەبێت، لێرەدا ئەم هاوڕێیەی دەبێتە کارەکتەری لاوەکی و دەبێتە یارمەتیدەری کارەکتەری سەرەکی، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی پیرەمێرد بدۆزێتەوە و بتوانێت بە جۆرێک یارمەتی بدات و لەو نەهامەتییە ڕزگاری بکات، بۆیە هاوڕێکەی تەگبیری بۆ دەکات و پێی دەڵێت: (حسن، ١٩٩٧، ٥٩). ئەوەبوو لەو کاتەدا پیرەمێرد دەچێتە لای کوڕە بچووکەکەی و پێی دەڵێت کوپەیەک زێڕم لە جێیەک شاردۆتەوە، بە تۆ نەبێت بە کەسی دیکەی نادەم، لە سەرەمەرگدا شوێنەکەت پێ دەڵێم، بەڵام بە هیچ جۆرێک نابێت ئەم نهێنییە لای براکانت ئاشکرا بکەی، بۆ ڕۆژی دواتر دەچێتە لای هەردوو کوڕەکەی و هەمان نهێنییان پێ دەڵێت، بەڵێنی ئەوەیان لێ وەردەگرێت نابێت هیچیان ئەم نهێنییە بدرکێنن، تاکو باوکیان ئەمری خودا بەجێ دەهێنێت و ماڵئاواییان لێ دەکات، بۆیە دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم سێ برایە هەر یەکە و بەجیا دەچنە لای باوکیان و خزمەتێکی باشی دەکەن، لە سەرەمەرگدا دەبێت هەر سێ کوڕەکەی دەچنە سەری و ئەویش نهێنییەکە ئاشکرا دەکات، پێیان دەڵێت ئەوەی ڕاستی بێت کوپەیەک لێوان لێو لیرەیە، ئەوەتا لە بن دارەکەی سەر کەلدا شاردوومەتەوە، بڕۆن دەری بهێنن و وەک برا بەشی بکەن، ئەوەندەی گوت و چاوی لێک نا، ماڵئاوایی لە ژیان کرد، دوای تەواوبوونی پرسەی باوکیان، سێ براکە بڕیار دەدەن کوپەکە بکەنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی نەبێتە کێشە لە نێوان سێ براکە بڕیار دەدەن بچنە لای مەلا بۆ ئەوەی بە دادپەروەرانە کوپە لیرەکە لە نێوانیان دابەش بکات، ئەوانیش ڕازی دەبن، لێرەدا مەلا دەبێتە کارەکتەری لاوەکی و دەبێتە یارمەتیدەر بۆ چارەکردنی کێشەی نێوان سێ براکە ئەوانیش (سێ برا، ٦٠). ئەوەبوو لەسەر فەرمان و بڕیاری مەلا کوپە لیرەکەیان خستە سەر سەری مەلا، بە جۆرێک ڕێك کەوتن هەرچی بکەوتە کۆشی مەلا بۆ خۆی بێت، ئەوانی پشتییەوە بۆ برای گەورە بێت، لای ڕاست بۆ برای ناوەنجی، لای دەستەچەپی بۆ برا گچکە، لەو کاتە کە کابرای ڕاستگۆ داری لە دەمی کوپەکەدا، چی ڕوو بدات باشە؟ پڕی پیسایی کابرای پیرەمێردی باوکیان بوو، کاتی خۆی لە کوپەکەی کردبوو، لەسەر سەری مەلا بڵاو بووەوە و براکان حەپەسان و زرتەی چاویان دەهات و دەمیان بووە تەڵەی تەقیو، بۆگەنی ئەو ناوەی پڕ کرد، مەلاش بە زمانێکی تێکەڵوپێکەڵ وشەکان لە قوڕگی دەگیران... پێی گوتن (سێ برا، ٦٠). کاتێک دەڵێین کارەکتەری لاوەکی، مەبەست لەوە نییە، کە چیرۆکنووس لەڕووی بنیاتنانی هونەرییەوە بایەخێکی کەمی پێ دەدات، بەڵکو بەشێوەیەکی پتەو دایاندەڕێژێت و هاوشێوەی کارەکتەرە سەرەکییەکان بنیاتیان دەنێتەوە، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە، کارەکتەرە لاوەکییەکان لە ڕووداوەکاندا کەمتر بەشدارییان پێ دەکرێت، بەڵام ڕۆڵ و ئەرکی گرنگ لە دەرخستنی کارەکتەری سەرەکیدا دەگێڕن (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ٥٦).

**کەسێتی شێوازگەری (الشخصیه النمطیه)**

کەسایەتیی شێوازگەریی (النمطیە) بریتییە لەو کەسایەتییەی کە تایبەتمەندییەکی ڕوون و تایبەتی هەیە و بەڕوونی پێگەی خۆی لە ململانێی نێوان چاکە و خراپەدا، یان لە نێوان ڕاست و هەڵەدا دیاری دەکات، ئاسانە سەرنجیان بدەین، چونکە تایبەتمەندی، یان پەراوێزیی ئەوان لە لایەنگرییانەوە سەرچاوە دەگرێت، یان لە لایەنی ڕاستی، یان چاکە، یان لە لایەنی خراپە، یان درۆ(الخفاجي،٢٠١٢ ، ٣٩٨). ئەمەش بەو مانایەیە، کە کەسایەتیی کۆنەپەرستانە خاوەنی تایبەتمەندیی ڕوون و تایبەتە و یەک هەڵوێستی لە ململانێدا هەیە یان لایەنگریی خراپە دەکات، یاخود لایەنگیریی چاکە دەکات، لە سەرەتاوە تا کۆتایی حیکایەتەکە چەقبەستوو دەکات.

لە وێنەی ئەو کەسایەتییانەی، کە لە نێو حیکایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا بەدی دەکرێت، چەندین جۆری کەسێتیی دەبینرێت بەوەی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر لەنێو ڕووداوەکاندا دەبینن و ئەمەش وا دەکات بنە پاڵەوانی نێو ڕووداوەکان و بە سەرکەوتنی پاڵەوانی چاکە و خێر کۆتایی بە ڕووداوەکان بێن، بۆیە لەم تەوەرە بە گرنگی دەزانین کەوا ئاماژە بەو کەسایەتییانە بکەین و بەوردی باسیان لێوە بکەین، دواتر ڕۆڵ و کاریگەرییان بخەینەڕوو:

**١- پاڵەوانی بە شێوازگەریی ئەرێنی (الشخصیه ذات النمط الایجابی)**

ئەو کارەکتەرەیە، کە هەوڵی بەرجەستەکردنی لایەنی چاکە دەکات و بەرگری لێ دەکات، زۆرجاریش پاڵەوانی نێو حیکایەتەکەیە، واتە هەموو قورساییی نێو ڕووداوەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو، بۆیە بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، بتوانێت کۆتاییەکەی ئەرێنی بێت، واتە خۆشبەختی بهێنێ و بەسەر هێزی خراپەدا زاڵ بوو بێت، چونکە کارەکتەری ئەرێنی ئەرکەکەی ئەوەیە، بتوانێت زیرەکی و لێهاتوویی خۆی بخاتە گەڕ و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بۆ زیاتر ناساندنی ئەم جۆرە کارەکتەرە، زۆر لە نووسەران و شارەزایانی ئەم بوارە قسە و باسیان لەبارەیەوە کردووە و پێناسەیان بۆ کردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین چەند پێناسەیەک سەبارەت بەو جۆرە کارەکتەرە بخەینە ڕوو.

نووسەری عەرەب عبیر العویضی بەم جۆرە ناساندویەتی و دەڵێت: «پاڵەوانی ئەرێنی ئەو کەسەیە، کە بە هەڵوێستە ئەرێنییەکانی جیا دەکرێتەوە، کە زیرەک و بەجۆش و خرۆش و دانوستکارێکی لێهاتووە، بڕیارەکانی بە شێوەیەکی ژیرانەیی و بە باشی دەدات و گوێ لە کەسانی دیکە دەگرێت، ئەگەر ناڕەزایی دەربڕێت، بە ئەدەب و قبوڵکراو ناڕەزایەتی دەردەبڕێت، و کەسێکی ئارام و دڵخۆشە و چاکەی بۆ دەوروبەر دەبێت(العویضی، ٢٠١٤، ٣١). لەم بۆچوونەی سەرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین، کەوا پاڵەوان یاخود کارەکتەری ئەرێنی بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەکە، کە نووسەر حەزدەکات تیشکی بخاتە سەر، بۆ ئەوەی ڕۆڵێک ببینێت، کە چێژ بە عەقڵی وەرگر بدات، بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر وەرگردا هەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەو زیرەکی و لێهاتوویەی، کە کەسی پاڵەوان هەیەتی، دەتوانین بڵێین، حیکایەتی فۆلکلۆر یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوەیە، کە نموونەیەکی باش بۆ مرۆڤ دابین بکات، کە کار بۆ پشتڕاستکردنەوەی پاڵنەرەکانی چاکە لە خۆیدا بکات، نموونەی ئەمجۆرە حیکایەتەش لە کرێکارێکی باشدا بەرچاو دەکەوێت و باس لەوە دەکات، ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێک لای کابرایەک کاری دەکرد، ئەم کابرایە، دەبێتە کەسێتیی شێوازی ئەرێنی، چونکە کابرایەکە کەسایەتییەکی بەرز و جوانی هەیە، متمانە پێکراوە و خاوەن زەویوزارە، ڕۆژێکیان کرێکار بە دوای ئیشدا دەگەڕێت، تاوەکو بژێوی ژیانی دابین بکات، ڕێی دەکەوێتە لای ئەم کابرایە، دوای سەلامکردن، کابرا ڕازی دەبێت ئەم کرێکارە لە زەویەکەیدا کار بکات، دوای کارکردن بۆ ماوەیەکی زۆر، ڕۆژێک کرێکارەکە ویستی ڕازیبوونی خاوەنەکەی لە خۆیی و لە بەڕێوەبردنی کارەکانی بزانێت، لەبەرئەوە پەیوەندی بە خاوەن کارەکە کرد و پێی گوت:

(عەلی، ٢٠١٣، ١١٢). لەم حیکایەتە دەبینین کابرای خاوەنکار، هەڵوێستێکی ئەرێنی جوان و متمانەپێکراوی لە بەرامبەر کرێکارەکە هەبوو، توانی زیرەکانە و بەشێوەیەکی ژیرانەیی وەڵامی کرێکارەکە بداتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەمە مەبەست و ویستی کرێکارەکەش بوو، تاوەکو بزانێت خاوەنکار لە خۆی و ئیشەکەی ڕازییە یان نا، بۆیە

لەکاتی گفتوگۆی نێوانـدا کرێکار و خاوەنکار، کەسێکی تر گوێی لەم گفتوگۆیە دەبێت و قسەکانی کرێکارەکەی بەدڵ دەبێت و تووشی سەرسوڕمانی دەکات، پێی دەڵێت وەرە لای من کار بکە، ئەویش سوپاسی کرد و پێی وت تەنها ویستم خاوەنکارەکەم چەندە لە من ڕازییە، بەڕاستی هەڵوێستی هەر دوو کارەکتەرەکان ئەرێنیین و مایەی چاولێکردنن لە لایەن کەسانی دیکەوە.

لە نموونەیەکی دیکەی لەم جۆرە کارەکتەرە، کە لە نێو حیکایەتی فۆلکلۆرییدا ڕۆڵی ئەرێنی و چاکە دەبینێت، ئەمەش لە بەرامبەر ئەوەدا دەبێت کارەکتەری سەرەکی هەست بەوە دەکات، کەوا کەسێک یاخود میللەتەکەی تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو، یان نەهامەتییەکی وا هاتووە، کە ئەمەش هۆکارێک لە پشت ئەم نەهامەتییە هەیە، جا بە دەست هێزی خراپەوە بێت یاخود لە لایەن کەسێکی خراپەوە بێت، لەو کاتەدا حیکایەتخوان بە جۆرێک کارەکتەری چاکە و ئەرێنی بۆ ڕووداوەکە ئامادە دەکات، بتوانێت بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکات، تا بتوانێت زیرەکی و لێهاتوویی خۆی بەکار بهێنێت و بتوانێت بەسەر کێشەکەدا سەر بکەوێت و خەڵکەکە ڕزگار بکات، ئەم کارەکتەرە لە نێو حیکایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت و گرنگی پێ دراوە، بۆ نموونە لە حیکایەتی» »دا هاتووە دەڵێت: پیاوێک ناوی سمایل دەبێت، کارەکتەری ئەرێنی نێو حیکایەتەکەیە، سمایل قافرەدار بووە، خاوەنی سێ لیرەی زێڕ دەبێت، ڕۆژەک سمایل دەچێتە ناو بازار، لە بازار تووشی کابرایەک دەبێت هاوار دەکات و دەڵێت:

(عەلی، ٢٠١٣، ١٩-٢٠). کارەکتەری عەقرفرۆش ڕۆڵێکی ئەرێنی گرنگ و کاریگەری هەبووە، بۆ ڕێنماییکردن و ئامۆژگاریکردنی سمایل، لە هەمان کاتیشدا سمایل بە بەبیرهاتنەوەی ئەو سێ شتەی لە کابرای عەقرفرۆشی کڕی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیرەکی و لێهاتوویی کارەکتەر دەردەخات، کە سمایل بە گوێی کابرای کرد و توانی خۆی لەو ڕووداو و کارەساتە ناخۆشە بە دوور بگرێت، کە بەسەر قافرەکانی تردا هاتووە و خۆی ڕزگار بکات لە دەست دز و جەردە و کەسانی خراپ، سمایلیش پێی دەرێ باشە. سمایل دەڕوا، هەتا دەگاتە تاجرەکی، لەگەڵ تاجرەکەی پێک دێت، بەوەی کە ببێتە قافرەداری قافرەی تاجرەکەی. سمایل خۆی بۆ سەفەرێ حازر دەکات و بەڕێ دەکەوێ بۆ سەفەرێ. لە ڕێیێ دەگەنە سەر بیرەکی و شەویان بەسەردا دێ. لەسەر بیرەکە زۆر قافرەی دی لێ بوو. وەکی وراغەکانیان ئاو دەدەن، کابرای تاجر دەرێ با لێرە بحەسێینەوە و بنووین هەتا سبەینێ. سمایل قسەی کابرای عاقری بە فکر دێتەوە، بە کابرای تاجر دەرێ، با نیو سەعاتی دیکە بڕۆین، ئەوجا قافرەکەمان دابنێین. کابرای تاجریش بە قسەی دەکات و نیو سەعات دەڕۆن، ئەوجا قافرەکەیان دادەنێن و دەنوون هەتا سبەینێ. سبەینێ وەکی هەردەستن، دەیانەوێ بچنەوە سەر بیرەکەی هەتا وراغەکانیان ئاو دەن، وەکی دەگەنە سەر بیرەکەی، دەبینن کن بیرەکەی تاران کرایە و هەموو وراغ و قافرەکان لەناو چووینە. کابرای تاجر زۆر سوپاسی سمایلی دەکات و پێی دەڵێت، نیوەی قازانجی ئەو سەفەرەم لۆ تووە، دەبینین کابرای تاجر زیرەکانە بیری لە ڕووداوەکان و پێشهاتەکانی کابرای عەقرفرۆش کرد، چونکە ئەگەر بهاتبا و پێداگری کردبا لەسەر قسەکانی خۆی ئەوا بێشک تووشی ڕووداوی نەخوازراو دەبوون و هەردووکیان ڕزگاریان نەدەبوو و دەفەوتان.

هەروەها لە حیکایەتی ئەگەر خوا بدا، لە خەتە جۆتەکی دەدا هاتووە لە دێیەک ژن و مێردێک دەبن، مێردەکەی جوتیارە و ڕۆژانە ئیش لە زاوییەکانیدا دەکات، ژنەکەشی زۆر قسە دەهێنێ و دەبا، پیاوەکەی زۆر سیقەی پێ نامێنێت، چونکە ناتوانێت نهێنی بپارێزێت، ڕۆژێکیان کابرای جوتیار لەکاتی کارکردن و جۆتکردنی زەوییەکەی زمانی هەوجارەکەی بە کوپەک گیر دەبێت، کاتێ تەماشا دەکات و دەیکاتەوە پڕی لیرەی زێڕ دەبێت، ژنەکەشی زۆر چەنەباز و لەوغەچییە، لە دڵی خۆیدا گۆتی با ئەو قسەیە هەربەستم بزانم سڕم دادەپۆشی یان بە خەڵکی دەرێ! کابراش لە ترسی ژنێ کوپەکە دەکاتە ناو جلەکانی و بەرەو ماڵەوە دەچێتەوە، ژنەکەی کە دەیبینێ، دەڵێ پیاوەکە ئەوڕۆ بۆ وا زوو لە ئیشکردن هاتییەوە، کابراش دەڵێ ژنێ نامبینێ، سکم ئاوساوە و زۆر نەخۆشم، نەمتوانێ

خـۆم ڕابگـرم هاتمـەوە ماڵـەوە، ژنـەش مشـەوەش دەبێـت و بـە مێردەکـەی دەڵـێ: چیتـە پیاوەکـە، ئـەوە لـۆ وات لـێ هاتییـە، چـی بـووە؟ کابـرا سـەر بڵنـد دەکات و پێـی دەڵێـت: حورمـێ چیـت لـێ بشـارمەوە، شـتەکی وام بەسـەرهاتییە، چما لـەو دنیایـەی بەسـەر کـەس هاتییـە، ئـەوەی مـن دیتـم، ژنەکـەش پێداگـری دەکات لـەوەی بزانێـت پیاوەکـەی چـی لـێ بەسـەر هاتـووە، پیاوەکـەش ڕووی تـێ کـرد گۆتـی: جۆتـم دابەسـت و دانەبەسـت، بروسـکەک بەبـن زگمـدا هـات و دایـەوە پشـتم، گۆتـم هەتـا نەیهێخسـتیمە بـا بچمـەوە سـەر دەسـتاوێ، بزانـم ئیسراحەتەکـی ناکـەم، چـوو لێـی دانیشـت هـەر ئەوەنـدەی زانـی دوو ڕیشـۆرە لـە قوونـی دەردەپەڕێـت لـە شـەقەی باڵیـان دا و فڕیـن، گۆتـی: ئەلعـان دەمـرم، وەڵا جۆتـم بەتـار کـرد و هاتمـەوە ماڵـەوە، دوای ئـەوە ژنـە بـە خـۆی ناوەسـتێ ئـەو مەسـەلەی مێردەکـەی بـۆ خەڵکـی دەگێڕیتـەوە، لەگـەڵ هـەر گێڕانەوەیـەک ژمـارەی ڕیشـۆڵەکان زیـاد دەکات، تاکـو دەگات بـە پاشـای وڵات، پاشـاش کاتێـک ئـەم ڕووداوە دەبیسـتێت، داوا دەکات ئـەم جوتیـارەی بـۆ بێنـن، تاکـو بزانێـت مەسـەلە چییـە، کاتێـک دەگاتـە لای پاشـا، پاشـاش بـۆ دارودەسـتەکەی دەگێڕێتـەوە و دەیـکات بـە سـەد ڕیشـۆرە، پاشـاش داوا لـە کابـرای جوتیـار دەکات، مەسـەلەکەی بـۆ بگێڕێتـەوە، بزانـی چییـە، کابـرای جوتیاریـش مەسـەلەکە لـە سـەرەتاوە چـۆن بـووە وەک خـۆی دەگێڕیتـەوە، بـە پاشـای وڵات دەڵێـت: (مەولـوود، عەبدوڵـلا خـدر، ٢٠٠٩: ٤٥-٤٦). کەسـێتی ئەرێنـی لـەم حیکایەتـە فۆلکلۆرییـەدا لەوەدایـە، کـە وا پاشـا دوای زانینـی ڕاسـتی ڕووداوەکـە و دۆزینـەوەی کوپـە لیرەکـە لـە نێـو زەویـی جوتیارەکـە لەکاتـی جۆتکـردن، پاشـا بڕیـاری ئەرێنـی دا و دادپەروەرانـە بڕیـاری دا، بـە جۆرێـک چـاوی لـە کوپـە لیـرەی کابـرای جوتیـار نەبـوو، بـە جۆرێـک بـە کابـرای جوتیـاری گـۆت پیـرۆزی خـۆت و مـاڵ و منداڵـت بێـت، لیـرە لیـرەی خۆتـە چـی لـێ دەکـەی چـی لێناکـەی ئـەوە ماڵـی خۆتـە، کابـرای جوتیـار لـە بەرامبـەر بڕیـاڕی پاشـادا زۆر سوپاسـی کـرد، بـە مـەش لـە کۆتایـی حیکایەتەکـە بـە دڵخۆشـبوونی کابـرای جوتیـار و دەوڵەمەندبوونـی بەهـۆی دۆزینـەوەی ئـەو کوپـە لیرەیـە کۆتایـی هـات.

**٢- پاڵەوانـی بـە شـێوازی نەرێنـی - الشـخصیە ذات نمـط السـلبی**

ئـەم کەسـایەتییە، کـە مەیلـی شـەڕانگێزی یـان خراپـەکاری هەیـە، بۆیـە ناتوانێـت سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت، بەڵکـوو هـەوڵ دەدات سـەرکەوتنەکان بسـڕێتەوە، یـان تێکـی بـدات، هـۆکاری ئـەم هەوڵدانـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، لەوانەیـە پەیوەندیـی بـە هـۆکاری دەروونـی کەسـەکە یاخـود نەخۆشـییەوە هەبێـت، کـە دەبێتـە پاڵنـەر بـۆ ئـەو جـۆرە ڕەفتارانـە، نموونـەی ئـەو کارەکتەرانـەی، کـە نەخشـێکی یـان وێنەیەکـی نەرێنییـان لەنـاو حیکایەتـی فۆلکلۆریـدا هەیـە، بریتییـە لـە «بـاوک» کـە ڕەفتارێکـی کۆنەپەرسـتانەی «پیاوسـالاری» نەرێنـی هەیـە لـە شـوێنکەوتنی ڕەفتـاری ژنەکـەی و ملکەچبوونـی بـۆی، ئەمـەش لـە ئەنجامـی ئـەو پاڵنـەرە خراپانـەی، کـە زۆربـەی کاتـەکان کۆنتڕۆڵـی دەکـەن.

هـەروەک لـە حیکایەتـی بەختیـار و پیرەدایکـدا، پاشـایەک دوو ژنـی دەبێـت، یەکـێ دەکەوێتـە نـاو تەمەنـەوە و ئـەوەی دیـش بچووکـە، ئـەو پاشـایە لـە تەدارەکـی دنیایـێ هەمـوو ئاواتـی ئەوەبـوو، کـوڕی هەبێـت، تاکـو ببێتـە شـازادە و دوای خـۆی دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، ئـەوەی دەبێتـە فریادڕەسـی پاشـا، دەروێشـێک دەبێـت، خـۆی دەخاتـە کۆشـکی پاشـا و لـە خـەم و خەفەتـی پاشـا دەگات و پێـی دەڵێـت: ئـەی پاشـامان تـۆ کەسـێکی دادپـەروەر و زۆرباشـی، خەڵـک لـە سـایەی تـۆ ژیانێکـی خۆشـی هەیـە و بەبـێ کێشـە دەژیـن، بـەس داخـی گرانـم ئـەوەی تـۆ خەفەتبـار کـردووە ئەوەیـە لـە دوو ژنـان منداڵـت نییـە، پاشـاش زۆر لـە دڵـی گـران دەبێـت، دەروێشـیش پێـی دەڵێـت، خەمـت نەبێـت دەرمانێکـم بـۆ هێنـاوی بیـدە ژنێکیـان یەکسـەر زگـی دەبێـت، دوای ئـەم قسـانە دەروێـش بـزر دەبێـت و دیـار نامێنێـت، پاشـاش لـەم سـاتە چـی بـکات چـی نـەکات، بـە کام ژنـی بـدات گـەورە یـان گچکـە، ئەویـش لـە دڵـی خۆیـدا دەڵێـت، ئـەوەی یەکـەم کـەس دەرگای لـێ کردمـەوە دەیدەمـە ئـەو، لـەو کاتـە ژنـە گـەورە دەرگا دەکاتـەوە و گیایەکـە دەدات بـەو، بـەڵام ژنـە گـەورە پێـی دەڵێـت، پاشـام مـن گـەورەم و لـە زگ و زا کەوتـووم نـەوەک زگـم نەبێـت، بیـدە بـە ژنـە گچکـە، بـەس تەنهـا یـەک داواکاریـم هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە، ئەگـەر

منداڵـی بـوو حـەز دەکـەم بـە دایکـە بانگـم بکـەن، پاشـاش زۆری پێخـۆش دەبێـت و سوپاسـی دەکات، پاشـاش گیایەکـە دەداتــە ژنــێ گچکــە و دەیخــوات، دوای ماوەیــەک زگــی دەبێـت و دوو کـوڕی دەبێـت، یەکیـان نـاوی بەختیـار دەبێـت و ئەویتریشـیان نـاوی شـێرزاد، دوای ئـەوەی گـەورە دەبـن سـوارچاک و پاڵـەوان دەبـن، ژنـە گچکەکـە لەسـەر منداڵـەکان دەبێتـە ململانێیـان بەجۆرێـک ژنـە بچووکەکـە منداڵـەکان هـان دەدات نەچنـە لای ژنەکـەی تـر و سـەردانی نەکـەن، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا ژنـە بچووکەکـە دەبێتـە کارەکتـەری نەرێنـی، چونکـە دەیەوێـت وا بـکات دووبەرەکـی و ناخۆشـی بخاتـە نێـوان بەختیـار و ژنــە گــەورە، چونکــە بەختیــار جیــاوازی نەدەکـرد لـە نێـوان هەردووکیانـدا، هـەروەک لـە حیکایەتەکـە هاتــووە دەڵێــت: مەخمــوری، هەولێــر، ٢٠١١).

کەسـایەتیی دایکەکـە لـە فۆرمـی نەرێنـی خۆیـدا دەردەکەوێـت بـەوەی هانـی کوڕەکـەی دەدات، کـەوا جڵـەوی وڵات بگرێتــە دەســت، ئەمــەش هۆکارەکــەی بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، کــەوا بەختیــار ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ لای خەڵکــی خۆشەویسـتر دەبێـت، لەبەرامبـەر ئـەم حەسـوودییەی شـێرزاد و داپیــرەی لەبەرامبــەر بەختیــار، توانــی لایەنــی ئەرێنــی خــۆی بەگەربخــات و وا بــکات شــێرزاد براکەیــی و داپیــرەی لـەو ناوچەیـە دەربـکات، ئەمـەش دوای ئـەوە دێـت، کـە دوو کوڕەکـەی پاشـا نەیانتوانـی ئـەو ئامۆژگارییـەی پێـدان لـە پێـش ڕۆیشـتنی بـۆ حـەج جێبەجێـی بکـەن، هەردووکیـان لـە تەماعـی گەیشـتن بـە کورسـی دەسـەڵات و بەکارهێنانیـان لـە لایـەن هـەردوو ژنـەوە، کـە هـەر یەکەیـان ئەویتریـان هـان دەدا بــۆ گەیشــتن بــە کورســی دەســەڵات.

هەروەهـا لـە وێنـەی کەسـێتی نەرێنـی بـاوک لـە بەرامبـەر مارەکردنـی کچەکـەی خـۆی بـۆ خـۆی، لەبەرامبـەر پڕکردنـەوەی ئـەو حـەز و ئـارەزووەی کـە باوکەکـە هەیبـووە لەبەرامبـەر کچەکـەی، ویسـتوویەتی بـە زۆر کچەکـەی لـە خـۆی مـارە بـکات و بیخوازێـت، هـەر وەک لـە حیکایەتـی فۆلکلۆریـی سـیمین عـوزاردا هاتـووە و دەگێڕنـەوە: (سـکتانی، ٢٠١١، ٢٠٢). لێـرەدا پادشـا کارەکتـەری لـە جـۆری نەرێنییـە، چونکـە لـە کۆمەڵگایـەک، کـە ڕێگـە بـەو جـۆرە کارانـە نـادات بـاوک کچـی خـۆی لـە خـۆی مـارە بـکات، دژی هەمـوو شـەرع و ئایینێکـە، بـەڵام پادشـاش ئەمـەی بـە هەڵزانـی گوتـی: دەبێـت ئـەم ڕاسـپاردە و وەسـیەتەی شـاژن جێبەجـێ بکـەم و فاتیمـەی کچـم بخـوازم و لـە خۆمـی مـارە بکـەم! براکانـی فاتیمـە بـەم هەواڵـە زۆر دڵتەنـگ بـوون بـە تایبەتـی ئەحمـەد، هـەر بۆیـە زوو بــە زوو دانیشــتنی لەگــەڵ مەحمــود و حەمــەدی ســاز دا، کـە هەمـوو هەوڵێـک بـدەن بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە سـەر نەگرێـت! بـەڵام مەحمـود و حەمـەد بـێ دەسـەڵاتی خۆیـان ئاشـکرا کـرد، کـە ئـەوان ناتوانـن لـە قسـەی بابیـان دەربچـن، لـە لایەکـی تریشـەوە دەبینیـن هـەردوو براکـەی ئەوانیـش هەڵوێسـتی نەرێنییـان دەبێـت لـە بەرامبـەر ئـەو کردەوەیـەی باوکیـان، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی باوکیانـە و پادشـایە، نەیانوێـرا لـە دژێ فەرمانـی باوکیـان بوەسـتن.

**دووەم: کەسـێتی ئەرێنـی بـە شـێوازێکی چاکسـازیی کۆمەڵایەتـی (الشـخصیة الإیجابیـة ذات النمـط الإصلاحـي الاجتماعـي)**

پاڵەوانـی هەڵبژێـردراوی کۆنەپەرسـتانە، بـە یەکێـک لـە یەکـەم کەسـایەتییە ئەرێنییەکانـی کۆمەڵـگا دادەنرێـت، لـەم بارەیـەوە ساریسـی دەڵێـت: یەکێـک لـەو نموونانـەی کـە لـە لادێـدا دووبـارە دەبێتـەوە، کارەکتـەر ئـەو هەڵبژێردراوەیـە کـە هاوتایـە لەگـەڵ پۆسـتی سـەرۆکی شـارەوانی، کـە سـەرۆکی گوندەکەیـە (الساريسي، ٢٠٠٤،٢١٧ ). لەمـەوە دەتوانیـن بڵێیـن، کەسـایەتیی هەڵبژێـردراو بـە شـێوەیەکی تایبـەت هاوتەریبـە لەگـەڵ کەسـایەتی پاشـای ئێسـتا لـە چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان، واتـە پێدانـی دەسـەڵاتی تەواوەتـی بـەو جـۆرە کەسـایەتییە، وا دەکات ببێتـە کەسـێکی ئەرێنـی بـۆ کۆمەڵگاکـە و ببێتـە هـۆی ئـەوەی کەشـێکی خـۆش و ئـارام و دادپـەروەری بـۆ هەمـوو لایـەک دەسـتەبەر بـکات، لـەم بارەیـەوە ساریسـی پێـی وایـە پەڵەوانـی هەڵبژێـردراو نموونـەی گەشەسـەندنی حیکایەتـە بەدرێژایـی سـەدەکان، بـەو پێیـەی ئـەم کارەکتـەرە جێگـەی پاشـای گرتـووە لـەو چیرۆکانـەی کـە لەنـاو خەڵکـدا ژیـاون و سوورانەوە(سـەرچاوەی پێشـو، ٢١٧).

بـۆ نموونـە لـە حیکایەتـی چۆلیـدا بـاس لـەوە دەکات، پاشـایەکی زۆر زاڵـم و غـەدار و خـوا نەنـاس هەبـوو، ئـەو پاشـایە وەزیرێکـی زۆرباشـی دەبێـت، زۆرجـار ئامۆژگاریـی

پاشــای دەکــرد و تەنیــا ئــەو دەیتوانــی بەرهەڵســتی پاشــا بــکات، پاشــا هەمــوو ژیانــی بــۆ کوشــتن و بریــن و تەعــەدا دانابــوو، دەیگــۆت: ئەمــن دەتوانــم هەرچــی بمــەوێ بیکــەم و کەســیش ناتوانــێ لێپێچینــەوەم لەگەڵــدا بــکات، بــەڵام وەزیرەکــەی هەمــوو جــارێ پێــی دەگــۆت: هەرچــی شــتێک قــەراری خــودای لەســەر نەبــێ جێبەجــێ نابــێ، بــا ئەوشــتە ئاوخواردنــەوەش بــێ، پیــاو دەبــێ بزانــێ هەرچــی دەیــەوێ بیـکات، دەبـێ نـاوی خـودای لەگەڵـدا بـێ، ڕۆژێکیـان پاشـا و وەزیـر بڕیـار دەدەن بچنـە دەرەوەی شـار، بـۆ ئـەوەی قەناعـەت بـەو قسـەیە بهێنێـت، کـە وەزیـر پێـی گـۆت، ئەوانیـش جلـی دەروێشـیان لەبـەر کـرد و ڕۆیشـتن بـۆ دەرەوەی شـاری خۆیـان، بــۆ ئــەوەی کــەس نەیانناســێت، شــەو دادێ لــە گوندێــک لا دەدەن ڕووناکییــەک دەبینــن دەچنــە ئــەو ماڵــە، لــە دەرگا دەدەن ژنێـک دەیکاتـەوە و بەتەنهـا دەبێـت، دوای سـڵاوکردن ژنەکـە پێیـان دەڵێـت: مـن بـە تەنهـام پیاوەکـەم لـە مـاڵ نییـە و هەژاریــن هیچــمان نییــە، بۆتانــی ئامــادە بکــەم، ئەوانیــش دوو لیـرەی زێـڕی پـێ دەدەن و دەچێتـە بـازار و خواردنیـان بـۆ ئامـادە دەکات، تـا درەنگانـی شـەو ژنەکـە لەبـەر ئـازاری زگــی هــاوار دەکات، ئەوانیــش بــە خەبــەر دێــن تەماشــا دەکـەن، ژن دووگیانـە و خەریکـە منداڵـی ببێـت، بەهەرحـاڵ منداڵەکــە لــە دایــک دەبێــت و بەرەبەیــان پاشــا بــە وەزیــر دەڵێــت، ئــەم منداڵــە دەڕفێنیــن لــە چۆڵــێ فڕێــی دەدەیــن، تاکـو بزانـم ئـەو قسـەی وتـت خـودا چـی بـۆ دەکات، دەیبـەن و بەرەبەیانــی زوو دەڕۆن و منداڵەکــە بــە خاولییەکــی لــوول دەدەن و لەگـەڵ خۆیانـی دەبـەن لـە چۆلەکـی فڕێـی دەدەن، لەوکاتــە مامــزەک بەوێــدا تێپــەڕ دەبێــت، خــودای گــەورە دەیخاتـە دڵـی مامزەکـە و دەچێتـە لای منداڵەکـە و شـیری پـێ دەدات، تاکـو تێـر دەبێـت، ئـەم کارە بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ بــەردەوام دەبێــت و باوکەکــە منداڵەکــە لــە چیــا دەبینێــت و دەیباتــەوە ماڵــەوە بانگــی ژنەکــەی دەکات، ڕووداوەکــەی بــۆ دەگێڕێتــەوە، کاتــێ منداڵەکــە دەبینێــت بــەو خاولییــەی لوولــی دابــوو هەمــان خاولییــە، سوپاســی خــودا دەکات و منداڵەکەیـان دەدۆزنـەوە، حیکایەتخـوان دەڵێـت: «حیکایـەت ڕێـگای دوور نێزیـک دەکاتـەوە»، دوای بیسـت سـاڵ منداڵەکـە گـەورە دەبێـت، باوکـی چایخانەکـی بـۆ دەکاتـەوە نـاوی لـە کوڕەکەیـان دەنێـن چۆلـی، ڕۆژەک پاشـا بـە وەزیـر دەڵێـت، بـا پیاسـەکی دەرەوەی کۆشـک بکەیـن، دەچنـە ئـەو شـوێنەی چۆلــی، خەڵکەکــە بانگــی دەکــەن چۆلــی چامــان بــۆ بێنــە، ناوەکـە غەریـب دەبێـت لای پاشـا، بانگـی دەکات، وەرە بزانـم بـۆ نـاوت چۆلییـە؟ ئەویـش چیرۆکەکـەی خـۆی دەگێڕێتـەوە، پاشــاش دەیناســێتەوە، وەزیریــش پێــی دەڵێــت، پاشــام چیــم پـێ وتـی، ئەگـەر ئیشـەک فەرمانـی خـودای لەسـەر نەبێـت، نابێــت، پاشــاش دەڵێــت: دەبــی ئــەو کــوڕە بکــوژم، نامەکــی بـۆ دەنووسـێت، پێـی دەڵێـت: بیبـە بـۆ کۆشـکی پاشـا و بیـدە کوڕەکـەم، ئەویـش فەرمانـی پاشـا جێبەجـێ دەکات و دەڕوات، دوای حــەوت شــەو و ڕۆژان، کــوڕە نزیــک باخچــەی پاشــا دەبێـت، ئیسراحەتێـک دەکات، بـۆ خـۆی لێـی دەخەوێـت، لـەو کاتــەدا کچــی پاشــاش لەگــەڵ هاوڕێکانــی دەچێتــە دەرەوەی کۆشـک، بـۆ کات بەسـەربردن، دەبینێـت کوڕێـک، چ کوڕێـک جـوان و بریقـەدار و بـاڵا جـوان، کچـی پاشـا، کاتێـک دەیبینێـت یەکســەر عاشــقی دەبێــت، ئــەو نامەیــەی لەبــن ســەری بــوو، دەریدەهێنێــت و ســەیری دەکات نووسرایــە: (کاکەڵــڵا، ٢٠٠٩: ١٤٩-١٥٠). لێـرەدا دەبینیــن کچــی پاشــا دەبێتــە کارەکتــەری ئەرێنــی کۆمەڵایەتیــی، ڕاســتە بــۆ بەرژەوەندیــی خــۆی ئــەو کارەی کــرد، بــەڵام لــە هەمــان کاتیشــدا توانــی گیانــی کوڕێکــی گەنـج و جوانـی وەکـو چۆلـی ڕزگار بـکات، دڵـی خـۆش بـکات، لـە کۆتایـی ڕووداوەکان دوای ئـەوەی پاشـا بەمـە دەزانێـت، زۆر تـوڕە دەبێـت، دیسـان بڕیـار دەدات ئـەو کارە بـکات، تەڵەکـی بـۆ دادەنێتـەوە، بـەڵام لـە تەڵەکـە پاشـا خـۆی تـووش دەبێـت و دەمرێــت، کــوڕەش دەبێتــە زاوای پاشــا و دەســەڵاتی نــاو کۆشـک وەردەگرێـت و پێگـەی لـە کۆشـکدا دەبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا خەڵکەکـەش دەکەونـە ژیانێکـی شایسـتە و خـۆش و لـەو پاشـا زاڵمـەش ڕزگاریـان دەبێـت.

**دووەم: جۆرەکانــی پاڵــەوان بەپێــی سروشــت و پێکهاتــن و بنیاتــی کەســێتییان**

**١- پاڵەوانی گۆڕاو- پەرەسێن (البطل غیر الثابت):**

پاڵەوانێکـە هەنـگاو بـە هەنـگاو بەپێـی گەشەسـەندنی بـاری دەروونــی و کۆمەڵایەتیــی و هــزری گەشــە دەکات و گۆڕانــی بەســەردا دێــت، بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن، ئــەم جــۆرە پاڵەوانــە فــرە ڕەهەنــدی مرۆییــە، ئــەم ڕەهەندانــەش پەیتــا پەیتــا

لـە هەڵوێسـتێکەوە بـۆ هەڵوێسـتێکی دی بـە دەردەکـەون، واتــە لــە هــەر هەڵوێســتێکدا هەڵســوکەوت و ڕەفتارێکــی نوێـی دەبێـت، کـە دەبێتـە هـۆی ئاشـکرابوونی یەکێـک لـە ڕەهەندەکانـی ئـەو کەسـە(عەبدوڵا، ٢٠٠٠، ١٥).

لــەم ڕەهەنــدەوە دەتوانیــن بڵێیــن، پاڵــەوان لــەڕووی بنیاتــەوە کارەکتەرێکــی ئاڵــۆز و تێکەڵــە، لــە هەمــان کاتــدا خوێنـەر یـان گوێگـر ناتوانێـت زوو بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی بــدات و بتوانێــت بــە ڕســتەیەک یــان چەنــد ڕســتەیەک گوزارشــتی لــێ بــکات و هەڵوێســتی خــۆی لــە بەرامبــەر ئاشــکرا بــکات.

هەندێـک جـار لەگـەڵ تەواوبوونـی ڕۆڵـی پاڵەوانـی گـۆڕاو بـە تەواوبوونـی حیکایەتەکـەوە پەیوەسـتە، چونکـە لەوانەیـە پێـش کۆتایـی ژیانـی پاڵـەوان لەنـاو حیکایەتەکـە هەڵوێسـتی بەرامبــەر پاڵەوانێکــی دیکــە، یــان ڕووداوێــک بگۆڕێــت و هەڵسـوکەوتی جیـاواز لـە هەڵسـوکەوتەکانی دیکـە بـکات و لەوانـی دیکـەی پەشـیمان ببێتـەوە، لەنێـو ڕووداو و پێشـهاتەکان کاتێــک پاڵــەوان هەڵوێســتێکی نــوێ وەردەگرێــت پێویســتی بــە زەمینەســازکردن هەیــە، بەمــەش دەبینیــن پلــە بــە پلــە هەڵوێســتەکان ئاشــکرا دەبــن و لەگــەڵ بەرەوپێشــچوونی ڕووداوەکان پێـش دەکـەون، ئـەم پێشـکەوتنەش لـە ئەنجامـی کارلێککـردن و بەردەوامبوونیەتـی لەگـەڵ ڕووداوەکان، یـان بـە سـەرکەوتن، یـان بـە شکسـتخواردن و کۆتایـی دێـت.

خوڵقاندنـی ئـەم جـۆرە پاڵەوانانـە لـە لایـەن حیکایەتخوانـەوە کارێکـی سـادە و ئاسـان نییـە، بەڵکـوو شـارەزایی و لێهاتوویـی و ئاسـتی ڕۆشـنبیری و ئەزموونـی حیکایەتخـوان لەولایەنانـەوە بـە دیـار دەکەوێـت، بـە جۆرێـک کۆمەڵـە سـیفەتێک لـە کەسـێکدا دەخولقێنـێ، بـە جۆرێـک بتوانێـت ڕووبـەڕوی ململانـێ و کێشـەکان ببێتـەوە، لە ڕووی شکسـت و سـەرکەوتن یاخـود خراپە و چاکـە، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن، ئـەم جـۆرە کارەکتـەرە جێگیـر نییـە و لەهـەر دۆخێکـدا بـە شـێوەیەک دەبینـرێ، لەبەرئـەوە گوتـراوە: ئـەو کارەکتـەرە لێکـدراوە ئاڵۆزەیـە... خوێنـەر پێشـتر نازانێـت چارەنووسـی چـۆن دەبێـت، چونکـە حاڵـی دەگۆڕێـت و ڕەفتـاری لـە گۆڕاندایـە، لـە هـەر هەڵوێستێکدا، بـە شێوەیەک دەبینرێـت، کارەکتەرێکـی سـەرەڕۆ و نەتـرس و ئاڵـۆزە، بە هەموو واتاکانــی وشــەی ئاڵــۆزی، ناحــەزی و خۆشەویســتی دەکات، بـەرز و نـزم دەبێتـەوە، بـڕوادار و بێبـڕوا دەبێـت، چاکـە دەکات وەک چـۆن خراپـە دەکات، کارێکـی زۆر دەکاتـە سـەر ئەوانـی تر(ئەڵوەنـی، ٢٠٠٩، ٧٣-٧٤).

بــە جۆرێــک پاڵەوانــی نێــو حیکایەتەکــە بــە زۆری کەســێکی هــەژار و کاســبکار و جوتیــارە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆرجــار وا ڕوو دەدات لــەڕووی پێکهاتــەی شــێوە و ڕووخســارەوە کەسـێکی جـوان و سـەرنجڕاکێش بێـت، لـەم جـۆرەی کارەکتـەرە هەندێـک جـار ڕوو دەدات پاڵەوانـی نێـو حیکایەتەکـە جوتیارێکـی هـەژار بێـت، یاخـود شـوانێک بێـت، حیکایەتخــوان ســەرنجی دەخاتەســەر و بەجۆرێــک وای لــێ دەکات ببێتـە پاڵەوانـی نێـو حیکایەتەکـە، بـە جۆرێـک خـۆی بـۆ هەمـوو هەڵوێسـتێک ئامـادە دەکات کـە لـە ژیانـی ڕوو بـدات، بـۆ ئـەم ئامانـج و مەبەسـتە دەجەنگێـت، کـە دەیەوێـت پێـی بـگات، جـا گەیشـتن بێـت بـە کچـی پاشـای وڵات، یاخـود دۆزینــەوەی کوپــە زێڕیــک لەکاتــی ئیشــکردن، یاخــود پێدانــی بیرێکـی قـووڵ لـە لایـەن حیکایەتخوانـەوە بـۆ پاڵەوانـی نێـو حیکایەتەکــە، یاخــود لــە هەندێــک بــاردا بەهــۆی خراپــی بــاری هــەژاری و چوونــە تەمەنــەوە لەلایــەن کەســانی بــە ســاڵاچووان و نەتوانینــی بەخێوکردنــی لــە لایــەن کــوڕەوە، هەڵوێســت و بیــری خــراپ دەکەوێتــە نــاخ و دەروونییــەوە، کــە ئەمــەش دەبێتــە هەڵوێســت گۆڕیــن لــە کەســێکی بـە بەزەیـی بـۆ کەسـێکی بـێ بەبەزەیـی، بـەڵام دواتـر بـە هۆکارێـک لـە هـۆکارەکان و گـۆڕان لـە هەڵوێسـتەکان دەبێتـە مایــەی پەشــیمانبوونەوە لــەم کــردەوە خراپانــە.

بـۆ نموونـە لـە حیکایەتـی زەردەخەنـەی باوکێکـدا بـاس لـە کابرایەکـی جوتیـار دەکات، باوکـی چۆتـە نـاو تەمەنـەوە و پیـر بــووە توانــای بەخێوکردنــی لــە لایــەن کوڕەکەیــەوە نەمــاوە، لـە بەرامبـەر ئەمـەدا جوتیـار کـە دەبێتـە پاڵەوانـی پەرەسـێنی نێــو حیکاتەکــە، هەڵوێســتی خراپــی لــە بەرامبــەر باوکــی دەبێـت، بەجۆرێـک دەیکاتـە کۆڵـی و هەندێـک خـواردن و خواردنـەوە لەگـەڵ خۆیـدا دەبـات و دەیبـات لـە ئەشـکەوتێک دایدەنێـت و بەجێـی دەهێڵێـت، دوای ماڵئاواییکـردن بـە باوکـی دەڵێـت هیچـی دیکـەت پێویسـت نییـە تاکـو بـۆت بکـەم و بـڕۆم؟ لـەو کاتـەدا باوکـی دەڵێـت: « **کاتـی خـۆی باوکـم وەک ئێســتای مــن چووبــووە ســاڵەوە. پێویســتی بــە خزمەتکــردن**

**بـوو ئێـوارە وەختەیـەک لەگـەڵ توێشـە بەرەیـەک نـان و جەوەنگەیـەک ئـاودا کردمـە کـۆڵ و لـە زاری ئـەم ئەشـکەوتە دامنـا و خـۆم گەڕامـەوە باوکیشـم دایـە دەسـت سـەرما و سـۆڵە و دڕنـدەی کێـو. وا ئێسـتا هەمـان ڕەفتـار بـەرەو ڕووی خۆشـم دەبێتـەوە و هەمـان کـردەوە دێتـەوە ڕێـی خـۆم، ئـەوە بۆیـە زەردەخەنـە دەمگـرێ! کـوڕە، کـە ئەمـەی بیسـت، لـە دڵـی خۆیـدا گوتـی: (دوای چەنـد سـاڵێکی دی کوڕەکـەی منیـش ئـەم ڕەفتـارە لەگـەڵ مـن دەنوێنـێ. لـە کـردەوەی خـۆی پاشـگەز بـۆوە. باوکـی کـردەوە کـۆڵ و بردیـەوە مـاڵ. تـا ئـەو ڕۆژەی مـرد خزمەتـی کرد**(حسـن، ١٩٩٧، ٤٣). لـەم حیکایەتـەدا دەبینیـن پاڵـەوان دوای ئـەوەی باوکـی بـۆ ئەشـکەوتەکە دەبـات و لـەوێ بەجێـی دەهێڵێـت، هۆکاریـی ئـەم ڕووداوە ئەوەیـە باوکـی کەوتۆتـە تەمەنـەوە و ناتوانێـت خزمەتـی باوکـی خـۆی بـکات، بۆیـە ئـەم بڕیـارە دەدات، لـە کاتـی ماڵئاوایـی کـوڕە لـە باوکەکـە، زەردەخەنەیەکـی بـۆ دەکات، کـوڕەش لـە بەرامبـەر ئـەم کردەوەیـە تووشـی سەرسـوڕمان دەبێـت و دادەمێنێـت، داوای لـە باوکـی دەکات هۆکاریـی ئـەم زەردەخەنەیـە چییـە، ئەویـش هۆکارەکـەی بـۆ بـاس دەکات، کاتـێ کوڕەکـە ئـەم بەسـەرهاتەی باوکـی دەبیسـتێت، لـە دڵ و ناخـی دەروونـی خۆیـدا بیـری لـێ کـردەوە، کـە لـە داهاتـوودا لـە ترسـی ئـەوەی سـبەی کوڕەکـەی ئـەم کارەی لـە بەرامبـەر بـکات، هەڵوێسـتی خـۆی دەگـۆڕێـت و پاشـەگەز دەبێتـەوە لـەو کارەی کردوویەتـی کـە هەڵەیـە، بۆیـە باوکـی دەکاتـەوە کۆڵـی و دەیباتـەوە ماڵـەوە خزمەتـی باشـی دەکات، تاوەکـو ئـەو ڕۆژەی دەمرێـت، لێـرەدا دەبینیـن هەڵوێسـت گۆڕینـی لـە لایـەن کارەکتـەرەوە دەبێتـە گـۆڕان لـە هەڵوێسـتی خراپـی کوڕەکـەی و دواتـر پەشـیمان بوونـەوە لێـی، پەشـیمان بوونـەوە لـەم هەڵوێسـتە کاریگەرێکـی ئەرێنـی لەسـەر بیـر و ڕۆشـنبیریی خوێنـەر دروسـت دەکات، کـە ببێتـە پەنـد و ئامـۆژگاری بـۆ نەوەکانـی داهاتـوو، بتوانـن ڕێـز لـە دایـک و بـاوک بگـرن تاوەکـو کۆتایـی ژیانیـان بـە باشـی خزمەتیـان بکـەن، تاکـو لـە کۆتایـی پاداشـتی چاکەیـان بدرێتـەوە.

لـە حیکایەتـی دا، زیاتـر لـە پاڵەوانێـک ڕۆڵ دەبینـن لـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـدا هـەن، ئەوانیـش کەریـم کاروان و کابـرای شـوان، کەریـم کاروان کابرایەکـی دەوڵەمەنـدە، مـەڕ و ماڵاتـی زۆری دەبێـت، هـەر سـاڵە و لـە وەرزی گەرمـا و سـاردیدا کوێسـتان و گەرمیـان دەکـەن، ڕۆژەک کەریـم کاروان لەگـەڵ برادەرێکـی دەچنـە دەرەوە، لـە شـوێنێک کـە گژوگیـا بـاش بەرزبۆتـەوە و سـەوزایی زۆر دەبێـت، بڕیـار دەدەن لـەو شـوێنە ڕەشـماڵ هەڵبـدەن، دوای ماوەیـەک لـەو شـوێنە گەرماوێـک دەکـەن، بـەڵام ژنیـان لەگـەڵ خۆیـان نەبـردووە، تاوەکـو جـل و شـتومەکیان بـۆ بشـۆن، لەوکاتـە تووشـی شـوانێک دەبێـت: ( عاڵلایـی، ٢٠٠٧، ١٦٧). لێـرەدا کارەکتـەر شـوان، هەڵوێسـتی مەردانـە و نیازپاکـی خـۆی بـۆ کابـرای ڕەوەنـد بـە دڵێکـی سـافەوە دەربڕیـوە و داواکـەی قبـووڵ کـردووە، بـەڵام دوای ئـەوەی ژنەکـە جلەکانیـان بـۆ دەشـوات جـوان قەدیـان دەکات و دەیخاتـە نـاو بوخچـە، بـەڵام عـەسری بەسـەردا دێـت درەنـگ دەبێـت، بۆیـە ژنەکـە دەڵێـت قەیـدی چییـە بـا بۆخـۆم بـۆ کابـرای ببـەم. « (پێکشـادبوونەوە، ١٦٨). پـاش ئـەوەی شـوانەکە بـۆ شـەو دەچێتـەوە ماڵـەوە دەبینێـت جگـە لـە دوو کـوڕە بچوکەکـەی هیـچ کەسـێکی دیکـەی لـێ نییـە، بیـر دەکاتـەوە لـەوەی کـەوا ژنەکـەی شـمەکەکانی بـۆ کابـرای ڕەوەنـد بـردووە، دەگەڕێتـەوە ئـەو شـوێنەی ڕەشـماڵیان هەڵـداوە دوای پرسـیارکردن بـۆی دەردەکەوێـت، کـە کابـرا ژنەکـەی ڕفانـدووە و هەڵاتـووە، شـوانەکە بـە نائومێـدی دێتـە مـارێ بـە عاجـز و غەمبـاری و کـز و ماتومەلولـی دادەنیشـێت، بۆیـە بڕیـار دەدات ئـەم شـوێنە بەجـێ بهێڵێـت و لەگـەڵ دوو کوڕەکـەی بـڕۆن بـە دوای ژنەکەیـدا بگەڕێـت. « پێکشـادبوونەوە، ١٦٩)، لـەم ڕووداوەدا دەبینیـن هـەردوو منـداری شـوانەکە یەکیـان ئـاو بـردی و ئەویتریشـیان گـورگ بـردی، شـوان بـە تاقـی تەنیـا لـەو ڕووبـارە مایـەوە و بـە گریـان و خـەم و خەفەتـەوە ڕووی لـە خـوا کـرد، ئـەی خوایـە چیـم بەسـەر هـات، خوایـە هـەر ئەتـو کەسـی بێکەسـانی، دەبینیـن لـە بەرامبـەر ئـەو ڕووداوانـە هەڵوێسـتی شـوانەکە زیاتـر دەگۆڕێـت و داخ لـە دڵ دەبێـت، بۆیـە هەڵوێسـت وەردەگرێـت و بڕیـار دەدات شـارەکەی خـۆی بەجـێ بهێڵێـت و بچێتـە شـارێکی تـر، وەکـی گەیشـتە شـارەکە (پێکشـادبوونەوە، ١٦٩). لـە ئەنجامـی ئـەو ڕووداوەدا گۆڕانێکـی زۆر بـە ژیـان و هەڵوێسـت و تێڕوانینـی شـوانەکەدا دێـت، چونکـە بـە فرێدانـی سـێ جـار بازەکـە و هەرنیشـتنەوەی هـەر سـێجارەکە بەسـەر کابـرای شـوانەکە، لـە ئەنجامـدا وەکـو

پاشـای ئـەو وڵاتـە هەڵبژێـردراو کاروبـاری ئـەو شـارەی کەوتـە دەسـت، توانـی بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە وڵات بەڕێـوە ببـات و خەڵـک ژیانێکـی خۆشـی و بەختەوەریـی هەبێـت لەسـەردەمی پاشـای نـوێ، تـا وای لـێ هـات لـە هەمـوو شـارەکانیتر ناوبانـگ پەیـدا بـکات و خەڵـک ڕووی تـێ بکـەن، بۆیـە ئـەو دوو منداڵـەی کـە بـزر ببـوون، گەورەبـوون و تـا وایـان لـێ هـات بـە یـەک شـاد بوونـەوە و بوونـە هاوڕێـی یەکـدی، بـەڵام هیچیـان یەکتریـان نەدەناسـی، تاوەکـو ڕۆژەک بڕیاریـان دا بـە دوای کاردا بگەڕێـن، بـۆ ئـەوەی بتوانـن ژیانێکـی بـاش بـۆ خۆیـان پەیـدا بکـەن، تاوەکـو ڕۆژێـک ڕێیـان دەکەوێتـە ئـەو شـارە و دەچنـە کۆشـکی پاشـا و پاشـاش دوای گفتوگـۆ ڕازی دەبێـت ببنـە پاسـەوانی کۆشـک، بـەڵام پاشا نازانێـت ئـەو دوو کـوڕە منداڵـی ئـەون، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەگـەڵ بـوون بـە پاشـا و دەسـەڵات گرتنـە دەسـت لـە کەسـێکی شـوانەوە بـۆ پاشـایەتی هەڵوێسـتی مەردانـە بەرامبـەر خەڵکەکـە پیشـان دەدات، کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا پەیوەسـتە بـە کارەکتـەری پەرەسـێن، لـە دوای ئـەوەی ئـەو دوو کـوڕە دەبنـە هاوڕێـی یەکـدی کەریـم کاروان ناوبانگـی پاشـا دەبیسـتێت ڕوو دەکاتـە ئـەو شـارە، خەڵکەکـە ناوبانگـی کەریـم کاروانیـان بیسـتووە، کـە کابرایەکـی دەوڵەمەنـدە و سـەروەت و سـامانێکی زۆری هەیـە، خەبـەر دەگەیێنـە پاشـا، ئەویـش دەڵـێ: بـڕۆن ئـەو کابرایـەم بـۆ بهێنـن بزانـم کێیـە، کاتـێ دەچێتـە لای پاشـا، یەکسـەر دەیناسـێتەوە، بـەڵام کەریـم کاروان نایناسـێتەوە، بـە پاشـا دەڵێـت: (پێکشـادبوونەوە، ١٧١).

لێـرەدا کارەکتـەر پەرەسـێن کـە پاشـایە، وەکـو هەڵوێسـتێک لـە بەرامبـەر کەریـم کاروان نوواندوویەتـی بـۆ زانینـی ئـەو مەبەسـتەی خۆیەتـی، کـە ژنەکەیەتی لە لایـەن ئـەوەوە ڕفێندراوە، هێشـتوویەتییەوە لای خـۆی تاوەکـو بزانێـت چـی بەسـەر ژنەکـەی هاتـووە، دوای گەڕانـەوەی کەریـم کاروان بـۆ ماڵـەوە، دەبینێـت ئـەو دوو کـوڕە لـە تەنیشـت ژنەکەیـەوە نووسـتوونە، بـە بینینـی ئـەو دیمەنـە کەریـم دەگەڕێتـەوە لای پادشـا و ئـەو هەواڵـە بـە پاشـا دەگەیەنێـت، ئەویـش بڕیـاڕ دەدات بچـن ئـەو دوو کـوڕە و ژنـە بهێنـن، بزانێـت مەسـەلە چییـە، بـە بنینـی دوو کـوڕە و ژنەکـە، یەکسـەر پاشا ژنەکـەی خـۆی دەناسـێتەوە، پێیـان دەڵێـت وەرە بزانـم مەسـەلە چییـە (پێکشـادبوونەوە، ١٧١). لێـرەدا دەبینیـن کارەکتـەری پەرەسـێن دوای زانینـی ڕاسـتی ڕووداوەکان، هەڵوێسـتی لـە بەرامبـەر کەریـم کاروان دەگۆڕێـت و بڕیـاری سـەرپەڕاندن بـۆ کەریـم کاروان دەردەکات، هەرچەنـدە کەریـم کاروان دەکەوێتـە پاڕانـەوە لـە بەرامبـەر پاشـادا، بـەڵام پاشـا پەشـیمان نابێتـەوە و بڕیارەکـە جێبەجـێ دەکات.

**٢- پاڵەوانـی نەگـۆڕ - پەرەنەسـێن - چەسـپاو (البطـل الثابـت):**

ئـەم جـۆرەی پاڵەوانـە خـاوەن چەمکێکـی جۆراوجـۆر نییـە، لـە ڕووی هەسـت و سـۆز و بیـر و بۆچوونیـەوە بـە درێژایـی پرۆسـەی گێڕانـەوە لـە یـەک ئاسـتدا دەمێنێتـەوە و گەشـەناکات، واتـە نەگـۆڕە و لەگـەڵ گـۆڕان و بەرەوپێشـچوونی ڕووداوەکانـدا گـۆڕان بەسـەر هەڵوێسـتیدا نایـەت، چونکـە: ڕووداوەکان کاری تـێ ناکـەن، نووسـەر لـە سـەرەتاوە وێنەیەکـی تـەواو و کامڵـی بـۆ ئێمـە دەکێشـێت، کـە توانـای گەشـەکردنی نییـە، بۆیـە وەڵامدانـەوەی سـەبارەت بـە ڕووداوەکان نەزانـراوە (خـدر، ٢٠١٢، ١٠٣). لـەم پێناسـەیە ئـەوە دەبینرێـت، کـەوا ئـەم جـۆرە لـە نێـو ڕووداوەکانـدا هیـچ هەڵوێسـتێکی نابێـت و گەشـە نـاکات، هـەر لەسـەر ئـەو بـارەی خـۆی دەمێنێتـەوە کـە حیکایەتخـوان ڕۆڵ و پێگەکـەی لەنێـو گێڕانەوەکـەدا بـۆی دایـری دەکات، یاخـود دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو کەسـەیە، کـە کاری چـاوەڕوان نەکـراو و کتوپـڕی لـێ چـاوەڕوان ناکرێـت.

ئـەم ئاسـانی جیاکردنەوەیـە زۆر بەڕوونـی لـەلای محەمـەد ئەمیـن عەبدوڵـڵا لـە نامـەی ماسـتەرەکەیدا ڕوون کراوەتـەوە و دەڵێـت: «ئەمجـۆرە کارەکتـەرە، کـە خـاوەن یـەک ئاسـتی دیاریکـراوە و لەکاتـی ململانـێ و کێشـەدا زۆر سـادە دەردەکەوێـت و هـەر لـە یەکـەم دەرکەوتنیـەوە کەسـایەتییەکەی ئاشـکرا دەبێـت، بـە ئاسـانی لـە کەسـانی دیکـە جیـا دەکرێتـەوە و دەناسرێتەوە»(عەبـدوڵا، ٢٠٠٠، ١٦).

پاڵەوانـی پەرەنەسـێن لـە حیکایەتـی فۆلکلـۆردا، ئـەو پاڵەوانانـە پێشـکەش دەکات کـە لەسـەر بەهاکانیـان و ڕەوشـتە باشـەکانیان جێگیـرن، لـە هـەر بارودۆخێکـی قـورس و سـەختەکانی ژیانیـان کـە پێیـدا تێپـەر دەبـن کاریگەرییـان بـە سـەرەوە نابێـت و وەکـو خۆیـان دەمێننـەوە، لـە کۆتایـی حیکایەتەکـەدا، ئـەوەی شـایانی پاداشـتی گەورەبێـت لـە بەرامبـەر ئـەو کـردەوە چاکانـەی، کـە ئەنجامـی دەدەن، ئەمـەش بـە پشتڕاسـتکردنەوەی حیکایەتەکـە لـە ڕێگـەی

ئـەم پێشـنیازەوە، کـە پاڵەوانەکـە بـۆ ڕێـگای ڕاسـت دەڕوات، ئەمـەش دەبێتـە هاندانێـک بـۆ منـداڵ و گـەورە، کـە لەسـەر ئـەم بیـرە باشـەی پاڵـەوان بـن، بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە بەهـا و ڕەوشـتە باشـانەدا بگـرن و ببنـە نموونەیەکـی بـاش لەمجـۆرە پاڵەوانـەی نێـو ئـەم حیکایەتـە فۆلکلۆرییانـە.

بـۆ نموونـە لـە حیکایەتـی کوڕەزاکانـی ڕەسـودا، کارەکتـەری پەرەنەسـێن مـام ڕەسـوە، خەڵکـی دێیەکانـی پشـدەرە، پیاوێکـی خودانـاس و شـوکرانەبژێر بـووە، ئـەم کابرایـە سـێ کـوڕی دەبێـت بـە ناوەکانـی ئەحمـەد و محەمـەد و مەحمـود، ئەحمـەد هەرەتـی ژنهێنانـی هاتبـوو، بۆیـە مـام ڕەسـو دەچێتـە گوندێـک لـە گوندەکانـی هاوسـنووری خۆیـان کیژەکـی بـۆ کوڕەکـەی بخوازێـت و لێـی مـارە بـکات، دوای ئامادەکردنـی پێداویسـتی و جلوبـەرگ و پۆشـاکی بوکێنـی، ڕۆژێکیـان سـوار بـە سـواری ئەسـپان دەچـن بـە تەقـەی تفەنـگان و سوارسـوارانێ بووکـێ دێنـن، لـە پێشـان دابونەریتـی ئـەوکات وابـووە، کـە بووکیـان دەگەیانـدە ماڵـی زاوا، زاوا دەچـووە سـەربان و لـە شـوێنێکی بـەرزی خانووەکـە دارێکـی درێـژی بەدەسـتەوە دەگـرت، پێـش ئـەوەی بـووک پێـی لـە کۆسـپەی دەرگای حەوشـە ئاودیـو بـکات، زاوا دارێکـی دەگەیانـدە سـەری بووکـێ، گوایـە سـامی بەسـەر بووکـێ دادەشـکێ، یـان هەندێجـار چوکلێـت و پـارەی هوردەیـان بەسـەر سـەری بووکێـدا دەکـرد، بـەو مانایـەی لـە لای یەکـتر خۆشەویسـت بـن، لـەو کاتـەی بووکـێ نزیـک دەبێتـەوە لـە کۆسـپە حەوشـێ، زاواش لێـی نزیـک دەبێتـەوە، لەنـاکاو زاوا دەخلیسـکێ و بـەر دەبێتـەوە و دەمرێـت، ناچـار بووکەخـان دەگەڕێننـەوە، دەیبەنـەوە بـۆ ماڵـێ باوکـێ، دوای ئـەم ڕووداوە سـاڵ لـە دوای سـاڵ کـوڕی دووەمـی گـەورە دەبێـت و هەرەتـی ژنهێنانـی دەبێـت، باوکـی کـوڕە لەسـەر قسـە و بڕیـاری خـۆی پێداگـر دەبێـت و دیسـان بڕیـار دەدات هەمـان کـچ بـۆ کـوڕی دووەمـی مـارە بـکات، دەچێتـە خوازبێنـی و دەڵێـت: « (نانـەوا، ٢٠٠٨، ١١٦). لێـرەدا دەبینیـن باوکـی کـوڕە کـە مـام رەسـوە، کارەکتـەری پەرەنەسێنە، چونکـە لـە هەڵوێستەکانی لەبەرامبـەر هێنانـی ئـەو کچـە بـۆ کوڕەکانـی پێداگـرە و بڕیارەکـەی ناگۆڕێـت، لـە داخـوازی دووەمیشـیاندا دوای ئـەوەی هەمـوو کار و ئامـادەکاری بـۆ هێنانـی بووکـێ بـۆ ماڵـی زاوا کۆتایـی هـات و بووکیـان بـە سـواری ئەسـپ و کـەژاوە و تەقەکـردن دەهێننـە نزیـک گونـدی، کـوڕە لەگـەڵ کۆمەڵـە گەنـج و لاوی گونـدی سـوار دەبـن بـە تەڕادانـێ بـەرەو پیـل و پێشـوازی کـەژاوەی بووکەخـان دەچـن، لـەو کاتـە ئەسـپی ژێـر زاوا دەسـتی دەکەوێتـە نـاو کونـە جـورج سـەرانگرێ دەبـێ لەسـەر پشـتی ئەسـپ دەپـەڕێ، ئەویـش لـەوێ دەمرێـت، دیسـان بووکەخانـی دەبەنـەوە ماڵـی باوکـی، لێـرەدا دەبینیـن دوای تێپەڕبوونـی چەندیـن سـاڵ کـوڕی سـێیەمی کـە نـاوی مەحمـودە گـەورە دەبێـت و هەرەتـی ژنهێنانـی دێـت، مـام ڕەسـو دیسـان لەسـەر هەڵوێسـتی خـۆی بـەردەوام دەبێـت و پێداگـری دەکات لـەوەی ئیلـلا دەبێـت ئـەم کچـە بـۆ کوڕەکـەی بخوازێـت، دەچێتـە ماڵـی بووکەخـان و پێـی دەڵێـن: « » (کوڕەزاکانـی مـام ڕەسـو، ١١٧). ئـەم کارەکتـەرە دەبینیـن لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی یـەک ڕووی هەیـە، بۆیـە حیکایەتخـوان لەکاتـی بنیاتنانـی کارەکتـەری پەرەنەسـێن زۆر پێـوەی مانـدوو نابێـت، چونکـە بنیاتەکـەی ئاڵـۆز نییـە و ڕوویەکـی سـادەی هەیـە.

**ئەنجام**

١- ئەندێشـەی ڕۆمانتیکـی پاڵەوانـی حیکایـەت بـە ڕێـگای هـات و نەهـات دەڕوات، ئەمـەش پـاش ئـەوەی لـە ژیانـی کلۆڵـی و بێدەرەتانـی وەڕس دەبێـت، شـارە و شـار، دێ بـەدێ، کـون بـە کـون، بـۆ پـارووی نـان بـۆ ژیانێکـی بـە دەرەتـان خۆیـان فـڕێ ئەدەنـە نـاو ئـاو و ئاگـرەوە، بـۆ ئـەوەی بەسـەر بـەرزی بژیـن و چاویـان لـە تیکـە نانـی دەسـتی خەڵکیـتر نەبێـت.

٢- ئـەم ئەندێشـەیەی، کـە لـە نێـو بیـر و هـزری پاڵەوانـی نێـو حیکایەتەکەدایـە، بـۆ ژیانێکـی شایسـتە و بەردەوامبـوون لـە ژیـان کۆڵەکـەی حیکایەتـە فۆلکلۆرییەکانـە، بۆیـە زۆر جـار دەبێتـە ڕێککـەوت بـۆ پاڵـەوان، کاتێـک بەسـەر کوپـە زێـڕدا دەکەوێـت و دەبێتـە گۆڕینـی بـاری ژیانـی کەسـێتی هـەژار بـۆ بەختەوەریـی و دەوڵەمەنـدی.

٣- ئـەوەی لـە نێـو حیکایەتـی فۆلکلـۆردا هەسـتی پـێ دەکرێـت ئەوەیـە، هەمیشـە هێـزی دڵپاکـی و خێرخوایـی و چاکـە و ژیـری و بوێـری بەسـەر هێـزی ناپاکـی و پیسـیدا سـەر دەکەوێـت، ئەمـەش کۆتاییەکـی گـەش و بـاری دەروونـی خوێنـەر یاخـود گوێگـر بـەرە و هێمنـی و سـەرکەوتن دەبـات.

٤- لـە نێـو حیکایەتـی فۆلکلۆریـدا پێداگرییەکـی بەهێـز لـە

لایـەن پاڵەوانــی نێــو حیکایەتەکــە هەســتی پــێ دەکرێــت و دەبینرێـت، جـا دەوڵەمەنـد بێـت یاخـود هـەژار، لـە بەرامبـەر عەشـق و خۆشەویسـتەکەی بەردەوامـی و شـەونخونی و گـەڕان بــەدوای چارەســەر بــۆ خۆشەویســتەکەی، بەجۆرێــک ڕێــگای هـات و نەهـات دەگرێـت، تاکـو چارەسـەرێکی بـۆ بدۆزێتـەوە، بــەو ئامانجــە بــگات کــە لەپێناویــدا دەجەنگێــت.

٥- لـە نێـو زۆربـەی حیکایەتـەکان ئاڕاسـتەی پەروەردەیەکـی باشــی ئامۆژگاریــی بــاش و پارێزگاریــی لــە بەهــا ئــاکاری و کۆمەڵایەتییەکانــی تێدایــە، ئەمــەش دەبێتــە نموونەیەکــی جوانــی کۆمەڵــگا، بەجۆرێــک ســوودی بــۆ نەوەکانــی داهاتوومــان هەبێــت.

٦- لــە نێــو حیکایەتــی فۆلکلــۆردا، زیاتــر لــە پاڵەوانێــک لــە تــەک پاڵەوانــی ســەرەکی دەبینرێــت، بۆیــە هەمــوو کارەکتەرەکانــی دیکــەی نێــو حیکایــەت لــە خزمــەت و یارمەتیدانـی کارەکتـەری سـەرەکیدا دەبـن، لەگـەڵ کارەکتـەری ســەرەکی شــان بەشــان دەڕۆن و لەگــەڵ هــەر پێشــهات و گۆڕانێـك لـە ڕووداوەکانـدا، ئەوانیـش هەڵوێسـتیان دەگۆڕێـت و دەبنـە یارمەتیـدەر، بـۆ تەواوکردنـی ئـەو ئامانـج و خەونـەی، کــە کارەکتــەری ســەرەکی هەیەتــی.

**سەرچاوەکان**


١- ئەحمـەد، کەیفـی، ٢٠١٩، بنیاتـی هونـەری داسـتان لـە ئەدەبـی فۆلکلۆریـی کوردیدا، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی.

٢- ئەڵوەنـی، نەجـم خالیـد، ٢٠٠٩، کارەکتەرسازی لـە ڕۆمانـی (ئێـوارەی پەروانـە)ی (بەختیار عەلـی)دا، چاپخانەی موکریان، چاپـی یەکەم، هەولێر.

٣- حســن، محمــد فریــق، ١٩٩٧، مەملەکەتــی ماســی، وەزارەتــی ڕۆشــنبیری، هەولێــر.

٤- ڕەسـوڵ، عیزەددیـن مستەفا، ٢٠١٠، لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی فۆلکلۆری کـوردی، چاپـی سـێیەم، ئـاراس، هەولێر.

٥- سـکتانی، فەرهـاد، سـیمین عـوزار، ٢٠١١، ئاسـۆی فۆلکلـۆر، چاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، ژمـارە ٥٠، هەولێر.

٦- عەبدوڵـڵا، ئیدریـس، ٢٠١٤، ئەدەبـی میللـی و فۆلکلـۆری، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، بەرگـی سـێیەم، هەولێـر.

٧- عوسـمان(خاڵە دێـوە)، ڕێـزان، ٢٠١٠، بنیاتـی جۆرەکانـی ڕووداو لـە ڕۆمانــی کــوردی باشــووری کوردســتاندا (١٩٨٥-١٩٩٠)، بڵاوکراوەکانــی ئەکادیمیــای کــوردی.

٨- عەلـی، حسـێن سـابیر، ٢٠١٣، باخـی قـەڵات (ئەفسـانە و بەسـەرهات و هەقایەتـی کـوردی)، هەولێر.

٩- کاکەڵـڵا، کەریـم شـێمحەمەد، ٢٠٠٩، ئاسـۆی فۆلکلـۆر، ژ: ٤٤، وەزارەتــی ڕۆشــنبیری، هەولێــر.

١٠- موکریانــی، هێمــن، ١٩٧٥، توحفــەی موزەفەرییــە، اوســکارمان، بەشــی یەکــەم، چاپخانــەی کــۆڕی زانیــاری کــورد، بەغــدا.

١١- مەولــوود، عەبدوڵــڵا خــدر، ٢٠٠٩، ئاسـۆی فۆلکلـۆر، چاپخانــەی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری، ژمــارە: ٤٥، هەولێــر.

١٢- مەخمــووری، پیــرداود، ٢٠١١، ســۆزێ چاوشــین، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

١٣ هەورامـی، عوسـمان محەمـەد، ٢٠٠٩، کچـە گاوانـی دوڵبـەر، ئاسـۆی فۆلکلـۆر، ژ: ٤٤، هەولێـر.

-١- ابـن المنظـور، جـمال الديـن ابـی الفضـل بـن مكـرم، ٢٠٠٩، لسـان العـرب، جلـد الرابـع العـشر(و - ی)، دار الكتـب، بيـروت.

٢- ابراهيـم، نبيلـه،١٩٩١، اشـكال التعبيـر فـی الادب الشـعبی، ط١، دار المكتبـه غريـب للطباعـه القاهـره.

٣- الخفاجـي، أحمـد، ٢٠١٢، المصطلـح السـردي في النقـد الأدبي الحديـث، ط1، مؤسسـة دار صـادق، عـمان.

٤- الجوهـری، الدكتـور محمـد، ١٩٧٥، علـم الفولكلـور، ط١، دار المعـارف بمصر .

٥- الساريســی، عمــر عبدالرحمــن، ٢٠٠٥، الحكايــات الشــعبية فــی مجتمــع الفلســطينی دراســة ولنصــوص، المؤسســة العربيــة للدراســات والنــشر.

٦- السـاريسي، عمـر،٢٠٠٤، الحكايـة الشـعبية في المجتمـع الفلسـطيني، ط١، عـالم الكتـب الحديـث، الأردن.

٧- العفيفـی، محمـد ابـو الفتـوح محمـد،٢٠٠١، البطولـه بيـن الشـعر الغنائـی والسـيره الشـعبيه»عنتره بـن شـداد نموذجـا»، ايـتراک، ط١، القاهــره.

٨- العويضــی، عبيــر، ٢٠١٤، صــوره البطــل فــی القصــه القصيــره السـعوديه، رسـاله ماجسـتير، جامعـه ام القـری، السـعوديه.

٩- المرزوقـی، سـمير و شـاكر، جميـل، ١٩٨٦، مدخـل الـی نظريـه القصـه، دار افـاق عربيـه، بغـداد.

١٠- مرسی، احمد، ١٩٧٥، مقدمه فی الفولكلور، دار الثقافه للطباعه.

١١- مسـعود، جـبران، ١٩٩٢، الرائد(معجـم لغـوی عـصری)، دار العلـم للملايـن، ط٧، بيـروت، لبنـان.

١٢- ضيـف، الدكتـور شـوقی،١٩٧٠، البطولـه فـی الشـعر العربـی، الطبعـه الثانيـه، دار المعـارف، القاهره.

## ملخص البحث

هـذا البحـث بعنـوان «البطـل في الحكايـة الفولكلوريـة الكورديـة»، حـاول الباحـث أن يبـين أهميـة الحكايـة الفولكلوريـة الكورديـة مـن خـلال تلـك البطـولات المهمـة والتـي تمكـن الـراوي مـن أن يـؤدي واجباتـه تجاهها بمهـارة وخـبرة كبيريـن، وأن يتعامـل مـع الأحـداث وتطوراتهـا بحنكـة ودرايـة وبطريقـة تجعـل نهاياتهـا سـعيدة وممتعـة، فغالبـا مـا تكـون الأحـداث في هـذه الحكايـات عبـارة عـن صراعـات بـين طرفـين. أو قوتـين؛ قـوى الخـير وقـوى الـشر، إذ تحـاول قـوى الـشر باسـتمرار خلـق المشـكلات البطوليـه الرئيسـة، فيحـاول الـراوي قـص الأحـداث وتطوراتهـا عـن طريـق البطـولات أخـرى، والتـي تلعـب - أحيانـا - دور البطـل الرئيسـة حاملـة معهـا أفـكارا ومعتقـدات مغايـرة، فتصبـح - حينئـذ – معينـة للبطـل الرئيسـة، وينتهـي بهـا المطـاف ناجحـة في المهـام المناطـة إليهـا في مواجهـة الأحـداث. ويجـدر بالذكـر أن هنـاك الكثـير مـن الحكايـات الشـعبية سـواء رويـت عـن طريـق الحيوانـات أو البـشر، لهـا هـدف واحـد وهـو التثقيـف والإرشـاد وتعلـم الـدروس في مجـالات الحيـاة، ويمكننـا القـول: إن القصـص تلعـب دورا إيجابيـا في تطويـر المجتمـع الكـوردي وتثقيفـه. البطـل، الحكايـه الفولكلوريـه، التأثيـر، الـراوى، الملـك.

## Abstract

This study is titled “Characters in Kurdish Folk Tales”, and the researcher has tried to present the importance of Kurdish folklore through the important characters that storytellers have been able to perform their duties with skill and expertise, and deal with the events in a way that develops them successfully. In addition, the storyteller wants the folk tales to be fun and happy in the end, because in the events of the stories, there are often conflicts between two sides or two forces, the forces of good and evil. The force of evil constantly tries to create problems for the main character in the story, but storytellers develop events through other characters, who sometimes play the role of the main character, and become good helpers to the main character by providing him/her different ideas which end up with the success of the character in the challenges he/she faces in the events of the folk tales.

We must not forget that there are many Kurdish folk tales, whether narrated through animals or humans, that have a purpose, which is to educate, advise and learn lessons in different aspects of life, we can say that folk tales or stories play a positive role in Kurdish society.

Key words: Characters, Folk Tales, Impact, Narrator, the Queen.